سالّی نوێتان پیرۆز بێت
2010



# کەرکوکی نوێ
kerkukynwe

پێکدادانی دەسەلاّتەکان لە پەروەردکردنی مندالاّندا
... ل٤



نیومانگییەکی سیاسی گشتییە ، مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی.ن.ك) دەریدەکات
ژمارە (٧٣) هەینی ١/ ١/ ٢٠١٠
fhm_k2003@yahoo.com

## هەندێ لایەنی عەرەبیو تورکمانی دژی دەوەستن

# دوو بنکەی هاوبەشی هێزی پێشمەرگەو سوپا لە کەرکوك دەکرێنەوە

**تایبەت ـ کەرکوکی نوێ**

بڕیارە دوو بنکەی هاوبەش بۆ هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقو هێزی فرە نەتەوە لە کەیوانو گەڕەکی رزگاری بکرێنەوە.

سەرچاوەیەکی تایبەت لە مەڵبەندی پێشمەرگە بە (کەرکوکی نوێ)ی راگەیاند:

دوابەدوای ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغداو ئەمریکاییەکان بۆ پاراستنی ناوچە جێ ناکۆکەکان لە کاری تیرۆریستی بڕیاردرا هەنگاوی پراکتیکی بنرێ، وتیشی: سەبارەت بە شاری کەرکوك کە بە خالّێکی گرنگی ناوچە جێ ناکۆکەکان دادەنرێت ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی دوو بنکەی هاوبەش بۆ هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقو هێزی فرە نەتەوە لە ناوچەی کەیوانو گەڕەکی رزگاری (حریە) بکرێتەوە.

ڕوونیشی کردەوە: لەبەر هەستیاری بارودۆخەکە سەرەتا بڕیار دراوە کە هەریەکە بە سریەیەك بەشداری بکەن پاشان وردە وردە فراوان دەکرێت بۆ ئاستی فەوجو لیوا.

ئاماژەشی بەوە کرد: کە هەریەك لە شارەکانی موسڵو دیالەو سەلاحەدینو بەغدا سەنتەرێك بۆ ئەم هێزە هاوبەشە دەکەنەوە.

جێی باسە لە شاری کەرکوك هەندێ لایەنی عەرەبیو تورکمانی دژی دروست کردنی ئەم هێزە وەستاون، بەلاّم تا ئێستا هەولّەکانیان بێ ئاکام بووە.



# خوێندکارانی کەرکوك خۆپیشاندان سازدەکەن

# بەهۆی بێ جێگەییەوە ٤٦٠ خوێندکار ناگوێزرێنەوە زانکۆی کەرکوك

بەهۆی نەبونی جێگەو هۆڵی خوێندن زانکۆی کەرکوك ناتوانێت ئەو خوێندکارانە وەربگرێت کە لە زانکۆکانی تری عێراق ناویان دەرچووە، سەرچاوەیەك لە زانکۆی کەرکوك تایبەت بە (کەرکوکی نوێ) ی راگەیاند: وەزارەتی خوێندنی بالاّ لە بەغدا لە نوسراوێکدا داوای رای زانکۆی کەرکوکی کردووە بۆ گواستنەوەی ئەو خوێندکارانە کە ژمارەیان ٤٦٠خوێندکارە، ووتیشی حسێن خانەقا سەرۆکی زانکۆی کەرکوکیش داوای رای کۆلیجەکانی کردووە، ئاماژەشی بەوەکرد راگری هەموو کۆلیجەکان لەبەر بێ جێگەیی نەیانتوانی بە قبولّ کردن وەلاّم بدەنەوە چونکە ژمارەی خوێندکارەکانیان لە قۆناغی یەك دا زۆر زیاترە لەوەی پێویست هەبێت بۆ نمونە کۆلێجی پزیشکی خوێندکار هەیە بە پێوە دەوەستێتو جێگەی دانیشتنی نیە ئیتر چۆن هی تریش وەربگرێت.

ڕوونیشی کردەوە سەرباری بێ جێگەیی جیاوازیی نمرەش کێشەیەکە چونکە ئەو خوێندکارانە بە نمرەیەك لەو کۆلیجە وەرگیراون زۆر نزمترە لەوەی لە کەرکوك وەردەگیرێ بۆ هەمان کۆلێج.

جێ ی باسە لە دوای پرۆسەی ئازادی یەوە هەموو سالّێك لەم کاتانەدا ئەم کێشەیە سەر هەلّئەدات .

شایانی باسە رۆژی ٢٦ /١٢ /٢٠٠٩ ئەو خوێندکارانە ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیو لقی سێ ی پارتی ئەنجامدا.

## بەڕێوەبەری دابەشکردنی خۆراك:

## ئەوانەی بەشە خۆراکیان دەبڕدرێ کۆبۆنیان هەر دەدرێتی

ئەو خێزانانەی ناویان هاتۆتەوە بۆ بڕینی بەشە خۆراك بە هۆی بەرزی موچەکانیانەوە کۆبۆنی خۆراکیان هەر دەدرێتێ.عوسمان محەمەد شەریف بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی کۆمپانیای دابەشکردنی خۆراك بە (کەرکوکی نوێ)ی راگەیاند: ژمارەی ئەو کەسانەی لە تەواوی شاری کەرکوکدا بڕینی بەشە خۆراك دەیان گرێتەوە ١٠٥٧٥ کەسن، وتیشی: ئەو خێزانانە کۆبۆنی خۆراکیان بۆ تازە دەکرێتەوە، چونکە لە موعامەلەی رۆژانە بەکاردەهێنرێو نەوەك بڕیارەکەش کاتی بێت.

# پێشبینی دەکرێ قەیرانی سووتەمەنی دروست بێ

# بەغدا ڕێگا نادات کۆبۆنی بەنزین لەکەرکوك تازەبکرێتەوە



**تایبەت ـ کەرکوکی نوێ**

وەزارەتی نەوتی بەغدا بۆ سالّی ئایندە ٢٠١٠ ڕێگا نادات کۆبۆنی بەنزین تازە بکرێتەوە.

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتییەکانی کەرکوك لەم بارەیەوە بە (کەرکوکی نوێ)ی راگەیاند: وەزارەتی نەوت لە بەغدا ئاگاداری کردوینەتەوە کە نابێت چیتر کار بە کۆبۆنی بەنزین بکرێتو بۆ سالّی داهاتوو ناکرێ تازە بکرێتەوە.

وتیشی: ئەم هەنگاوەی وەزارەت کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دابەشکردنی سووتەمەنی لە شارەکە، چونکە چەند سالّێکە خەلّکی لە کەرکوك لە کۆلّ کێشەی سووتەمەنی بووەتەوەو هاولاّتیان بێ هیچ سەر ئێشەیەك بەشی خۆیان لە سوتەمەنی وەردەگرن چ بەنزین بێت یان نەوت یا غاز، بۆیە پێشبینی دەکرێ لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا قەیرانی سووتەمەنی دروست بێ.

ڕوونیشی کردەوە: بەغدا تا ئێستا ژمارەی خێزانەکانی کەرکوکی لەسەر ئاماری سالّی ٢٠٠٥ هەژمار کردووەو بەشە سووتەمەنی ٢١٥ هەزار خێزان بۆ کەرکوك دەنێرێت، کەچی ئێستا ژمارەی خێزانەکان گەیشتوەتە ٢٩٨ هەزار واتە ٦٣ هەزار خێزان سووتەمەنی بۆ ڕەوانە ناکرێت.

بۆ بە دواداچوونی ئەم کێشەیە (کەرکوکی نوێ) پەیوەندی بە عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوکەوە کردو ئەویش تازە نەکردنەوەی کۆبۆنی خۆراکی بە کێشە زانیو تەئکیدی کردەوە کە پەیوەندی بە بریکاری وەزیری نەوتەوە کردووەو مەترسی ئەو کارەی پێ راگەیاندووەو چاوەڕوانی وەلاّمن.

چاودێران پێیان وایە ئەم هەنگاوەی بەغدا بەرامبەر کەرکوك هەولّدانە بۆ دروستکردنی قەیرانی سوتەمەنی لە شارەکەو ناشرینکردنی رووی کاربەدەستانی کەرکوکە لەبەرچاو خەلّکی کەرکوکدا بە تایبەتی لەم کاتەدا کە هەلّبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەیە.

جێی باسە هەرچەندە زۆر کەس لە ڕێگەی کۆبۆنەکانی خۆراکەوە گەندەلّی دەکەن، بەلاّم بەتازە نەکردنەوەی گەورەترین گەندەلّی قاچاغ چێتی بە بەنزینەوە دەکرێت.

هەر لە بواری سوتەمەنی دا هەفتەی رابردوو بە بڕیاری بەغداو لە ڕێگەی ئیدارەی کەرکوکەوە نزیکەی ١٥٠ بەنزینخانەی سەفەری لە شاری کەرکوك داخران.

## تیرۆریستان هێرشەکانیان بۆ سەر ئەفسەرانی کورد چڕدەکەنەوە

# لەمانگێکدا (٧) ئەفسەر دەکرێنە ئامانج

تیرۆریستان هەر جارەی تاکتیکێك دەگرنەبەر، ماوەیەك خەلّکی پێوە سەرقالّ دەکەن، ماوەیەك تەنها بەڕێوەبەرە کوردەکانی فەرمانگەکانیان تیرۆردەکرد، سەردەمانێك خەلّکیان دەڕفاند، دەمێکیش بە دەمانچەی بێدەنگ خەلّکیان تیرۆر دەکرد، بەلاّم لە نوێترین تاکتیکیاندا تەنها ئەفسەری کورد بووەتە ئامانجو تەنها لە ماوەی یەك مانگدا٧ ئەفسەری کورد لە پۆلیسو سوپا ڕووبەڕووی تیرۆر بوونەتەوە، کە هەمووی لە ڕێگای بەکارهێنانی بۆمبی موگناتیسیەوە ئەنجام دراون، ناوی ئەفسەرەکانیش:

١- عەقید (موەفەق) ئەفسەری ئیستیخباراتی فیرقەی ١٢ لە رۆژی جەژنی قوربان‌دا لەبەر دەم مالّی باوکی لە گەڕەکی نەسر تیرۆر کرا.

٢- ملازم ئەوەل (ئادەم بەکر مەحمود) ئەفسەری فیرقەی ١٢ لە رۆژی ١٤ /١٢ /٢٠٠٩ لە نزیك (سوق مەرکەزی) بۆمبێکی پلاستیکی بە ئۆتۆمبێلەکەیدا تەقیەوەو شەهید بوو.

٣-ئەفسەری پۆلیس ملازم (محەمەد ئەحمەد نوری) لە رۆژی ١٦ /١٢ /٢٠٠٩ لە گەڕەکی رەحیماوە بۆمبێك بە ئۆتۆمبیلەکەیدا تەقیەوەو شەهید بووە.

٤-نەقیب (زامن محەمەد خدر) سەر بە سوپای عێراق لە ٢٣ /١٢ /٢٠٠٩ لە گەڕەکی ئیسکان بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلەکەیدا تەقیەوەو شەهید بوو.

٥- لە ١٣ /١٢ /٢٠٠٩ لە گەڕەکی ئیسکان بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلی کارمەندێکی سەنتەری ئاسایشی نیشتمانیەوە لکێنراو، بەلاّم دواتر ئاشکرا بوو لەلایەن پۆلیسی ئازادیەوە پوچەلّ کرایەوە.

٦-لە رۆژی ٢٠ /١٢ /٢٠٠٩ بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلی خوێندکارێکی کۆلێجی پەروەردەدا لکێنرابوو بەناوی مستەفا شێخ حەسەن لە ئەنجامدا بریندار بوو.

٧-لەرۆژی٢٧ /١٢ /٢٠٠٩ لە نزیك گۆڕەپانی ئاهەنگەکان بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی پۆلیسی فریاکەوتندا تەقیەوەو لە ئەنجامدا بریندار بوو.

٧-رۆژی ٢١ /١٢ /٢٠٠٩ بۆمبێکی موگناتیسی بە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆلّینەوەی تاوانەکاندا تەقییەوە لە ڕێگەی بەغدا لە ئەنجامدا بریندار بوو.

چاودێران پێیانوایە بۆیە تیرۆریستان تەنها ئەفسەری کوردیان کردووە بە ئامانج، چونکە ڕاوەدوونانی تیرۆریستانو دەستگیرکردنیان زیاتر بە ئەستۆیانەوەیە، لە هەمان کاتدا لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێت دووبەرەکی دروست بکەن.

## لەم ژمارەیەدا

بەعس لە سەرەمەرگیدا هەزاران پارچە زەوی لەکەرکوك دابەشکردوە ...ل٣

لاوان و پرسی ئەویندارى
لاوێك: گەر جوانی و دلّنەواییەك مابێت ...ل٤

نەبەردییەکانی دوێنێ، حیکایەتەکانی ئەمڕۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەلّ لیوای باریق ...ل٥

با پیاوان کێشەی ژنان بە هی خۆیان بزانن ...ل٧

# هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵڵا سەرپەرشتی كۆبوونەوەیەكی میحوەری سێ دەكات

**پ/ خالید فەیزوڵڵا**

هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵڵا ئەندامی سەركردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ ی ڕێكخستنی كەركوكی (ی.ن.ك) بە ئامادەبوونی هەڵكەوت عەبدوڵڵا لێپرسراوی ئاسایشی كەركوك، لە هۆڵی شەهید مەلا عەزیز لە بارەگای كۆمیتەی شۆرجە سەرپەرشتی كۆبونەوەیەكی كرد لەگەڵ لێپرسراوی محوەری (٣) و كۆمیتەكانی سنورەكە بە مەبەستی دروستكردنی چەند لیژنەیەك و لەرێی لیژنەكانیشەوە ، شۆڕبونەوە بۆ ناو جەماوەر بە هەماهەنگی لەگەڵ لێپرسراوی میحوەرەكان بۆ خۆئامادەكردن و بەشداریكردنی هەڵبژاردنەكانی داهاتوو .

لە تەوەرێكی تری كۆبونەوەكەدا ڕەفعەت عەبدوڵڵا لێپرسراوی مەڵبەند ئاماژەی بە گرنگی هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراق و كەركوك كردو رونیكردەوە، كە



بەشداریكردنی دانیشتوانی كەركوك لەو پرۆسە دیموكراتیەدا كاریگەری خۆی دەبێت . هەروەها باسی لە رۆڵی بەرچاوی حكومەتی هەرێمی كوردستان كرد لە خزمەتكردنی شاری كەركوك لە سەرجەم بوارەكاندا .

لە كۆتایشدا ئاماژە بەوە كرا كە دەبێت لەمڕۆوە لیژنەكان لەگەڵ میحوەرەكاندا دەستبەكار بن بۆ ڕاپەراندنی ئەركەكانیان.

هەروەها لە بارەگای مەڵبەندی ٣٠ ی ڕێكخستنی قەزای دووبز، ڕەوەند مەلا مەحمود لێپرسراوی مەڵبەندو جێگرو كارگێران، پێشوازیان لە هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵڵا كرد.

لە دیدارێكدا هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرۆزبایی لە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣٠ی ڕێكخستنی قەزای دووبز كرد بەبۆنەی دەست بەكاربوونی لە پۆستەكەی و هیوای خواست خزمەتی سنورەكە بكات.

# هەڤاڵ ڕەوەند مەلا مەحمود بەبۆنەی دەستبەكاربوونییەوە پێشوازی لەلایەنە حیزبی و حكومییەكان دەكات

هەڤاڵ رزگار عەلی ئەندامی سەركردایەتی (ی ن ك) سەردانی مەڵبەندی دوبزی كرد بەمەبەستی پیرۆزبایی كردن لە ڕەوەند مەلا مەحمود، بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی لێپرسراوی مەڵبەندی دوبز.

لە دیدارێكی نێوان هەردولادا كە ژمارەیەك لە كارگێڕ و ئەندامانی مەڵبەند ئامادەیبون گفتوگۆ كرا لە بارەی ڕێكخستنەكانی (ی ن ك) لەو سنورە و چۆنێتی كاركردن بە بەرنامە لە ئایندەدا بۆ پتەوكردنی ڕێكخستنی مەڵبەندی ناوبراو رزگار عەلی تەئكیدیشی لە بە كارخستنی توانای مەڵبەندەكان كردەوە بۆ گەیاندنی كێشەی هاووڵاتیان بە دەزگا حكومییەكان و هەوڵی چارەسەری كێشەكان، هەر لەو دیدارەدا ئامادەسازی (ی ن ك) و ڕێكخستنەكانی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئایندەی عێراق گفتوگۆی لەبارەوە كرا.

هەروەها وەفدێك بە سەرۆكایەتی ناوەندی ڕێكخراوە دیموكراتیەكانی كەركوك كە پێكهاتبوو لە لێپرسراوی ئەندامانی ناوەندی ڕێكخراوە دیموكراتیەكان و تۆڕی كەركوكی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و یەكێتی جوتیاران و كۆمەڵەی خوێندكاران، سەردانی بارەگای مەڵبەدنی (٣٠) دوبزیان كردو لەلایەن ڕەوەند مەلا مەحمود لێپرسراوی مەڵبەند پێشوازیكران.

لە دیدارێكدا ئەندامانی وەفدەكە وێڕای پیرۆزباییكردن لە لێپرسراوی مەڵبەند هیوای سەركەوتنیان بۆ خواست لە كارەكانیدا.

هەروەها لێپرسراوی مەڵبەند بەجیا پێشوازیكرد لە بەڕێوەبەری پۆلیسی ناحیەی مامەو ژنانی سنوری قەزای دووبزو قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری بنكەی عەمەلیاتی دووبزو دەزگای هەوالگری و تۆڕی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و لێپرسراوی مەڵبەندو كۆمیتەكانی عەرەبی، كە بەمەبەستی پیرۆزبایكردن سەردانی مەڵبەندی دووبزیان كردبوو.

# وەفدێكی مەڵبەندی ( ٢٩ ) سەردانی ئەنجوومەنی شاری كەركوكیان كرد

هەڤاڵ ڕاپەر عارف لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٩ی قەزای كەركوك و وەفدێكی هاوڕێی سەردانی ئەنجومەنی شاری كەركوكیان كردو لە لایەن سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەوە پێشوازیكران . لە دانیشتنێكدا باس لە هەماهەنگی نێوان حزب و ئیدارەی حكومی شارەكە كرا بە مەبەستی زیاتر كاركردن و خزمەت كردنی هاولاتیانی شارەكە . هەر لەكۆبونەوەكەدا كۆمەڵێك بابەتی پەیوەست بە شاری كەكوك و دەوەروبەری گفتوگۆی لە بارەوەكرا.

# ڕێكخراوی ئاسۆ یارمەتی بەسەر ئاوارەكاندا دابەشدەكات

بەمەبەستی خزمەتكردنی ئاوارە گەڕاوەكانی كەركوك، ڕێكخراوی ئاسۆ بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ، بە هاوكاری وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانی عێراق، بڕێك كەلوپەلیان وەك كۆمەك و هاوكاری بەسەر ٥٠٠ خێزانی ئاوارەی گەڕاوەو خەڵكی كەمدەرامەتی شاری كەركوك دابەشكرد. لە مەراسیمێكدا كاوە مەولود حەوێز سكرتێری ڕێكخراوی ئاسۆ بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ وتەیەكی پێشكەشكردو تیایدا رونیكردەوە ڕێكخراوەكەیان ڕێكخراوێكی ناوخۆیی ناحكومیەو كاردەكات بۆ خزمەتكردنی خێزانە كەمدەرامەتەكانی كەركوك بە هەموو پێكهاتەكانەوە.

راشیگەیاند لە رابردوودا چەند قۆناغێكی هاوكاریان گەیاندۆتە خەڵكانی كەمدەرامەتی شارەكەو ئەم قۆناغەش لە هاوكاریەكەیان ٥٠٠ خێزان دەگرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشكرد خێزانەكان بەپێی روپێوێكی مەیدانی لە نێو هەموو گەڕەكەكانی شارەكە هەڵبژاردووە، لەچەند ڕۆژی داهاتووشدا چەند قۆناغێكی دیكەی هاوكاری دەگەیەنرێتە شارەكە، كە لەلایەن وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانی عیراقەوە دابینكراوە.

# كۆمیتەی ٢ ی تە پە كۆڕێك بۆ هەڤاڵ وەستا ڕەسوڵ سەبارەت بەهەڵبژاردن سازدەكات

سەبارەت بەهەڵبژاردنەكانی داهاتوو، كۆڕێك بۆ كادیرانی سنوری كۆمیتەی ٢ی تەپە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ وەستا ڕەسوڵ لە هۆڵی كۆمیتەی ٢ ی تەپە ئەنجامدرا.

لە كۆڕەكەدا كۆڕگێڕ باسی لە گرنگی هەڵبژاردنی داهاتوو كرد، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی رابردووداو ئاماژەی بەوەكرد ئەو ڕێوشوێنانەی پێشتر گیراونەتە بەر ناتوانێت لە قۆناغی ئێستادا پشتی پێببەسترێت.

كۆڕگێڕ رونیشیكردەوە پێویستە بایەخ بە هەڵبژاردنەكانی داهاتوو بدرێت، چونكە چارەنوسسازەو نەخشەی سیاسی داهاتووی پێوە گرێدراوە.

هەڤاڵ وەستا ڕەسوڵ تەئكیدی لەسەر ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەكیش كردەوە كە لە سنوری میحەوەرەكەدا جێبەجێدەكرێت. كۆڕەكە بە چەندین پرسیارو سەرنجی ئامادەبووانیش كۆتایی پێهات.

# كۆبوونەوەیەك بۆ ڕێكخستنەكانی كۆمیتەی ٣ی ساحە تەیەران

بەسەرپەرشتی (مەلا شاخی) نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال لە مەڵبەندی كەركوك كۆبونەوەیەك بەسەجەم ڕێكخستنەكانی سنوری كۆمیتەی ساحەت تەیەران ئەنجامدرا.

لە كۆبونەوەكەدا جەخت لەسەر یەكڕیزی و تەبایی نێوان ئاین و نەتەوەكانی شارەكە كرایەوەو باس لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق كرا و ئاماژە بە پاراستنی یەكێتی ناو یەكێتی و یەكڕیزی نێوان كادرو لایەنگرانی یەكێتی و گەشەكردنی یەكێتی كرایەوە و هانی ڕێكخستنەكانیش درا زیاتر گەشە بەكارەكانیان بدەن . هەروەها ئاماژە بەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانە كرا كە لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە بەتایبەتی لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لەسەرجەم بوارەكاندا پێشكەشی شاری كەركوك كراون و تەئكید لەسەر گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكان بۆسەر هەرێمی كوردستان كرایەوە .

# كۆبوونەوەیەكی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی كەركوك و بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان

لە كۆبونەوەیەكدا بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی كەركوك و سەرۆكایەتی تەندروستی كەركوك ، تاوتوێی مەسەلەی ئاسانكاریكردن لە چارەسەركردنی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانیان كرد.

وەفدێكی بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی كەركوك بە سەرۆكایەتی فازڵ ئەمین سەردانی سەرۆكایەتی تەندروستی كەركوكیان كردو تاوتوێی پێكهێنانی لیژنەیەكی پزیشكییان كرد بۆ ئەوەی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە شاری كەركوك چارەسەری نەخۆشخانەكانیان بكرێن نەك لە پارێزگاكانی دیكەی هەرێم.

لە بەشێكی دیكەی كۆبوونەوەكەدا باس لە پێكهێنانی لیژنەیەكی دیكە كرا بۆ دابینكردنی بەخێوكەری دایك و باوكی شەهیدان، كە بڕیارە لیژنەكە لە دوای سەری ساڵەوە دەستبەكاربێت.

## لەژێر تیشكدا

# دبلۆماسییەت و پەیوەندی عێراق ودراوسێیەكانی

✍ **ئەسعەد عەزیز محەمەد**

سیستمی دبلۆماسیەتی عێراق بەدرێژایی مێژووی حوكمڕانیكردنی ئەم وڵاتە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشی عێراق ووڵاتانی دراوسێی كاری نەكردوە، بەڵكو ئەوپەیوەندییە لەسەربنەمای خواست وئارەزووی كەمینەی فەرمانڕەواوە بەڕێوەچووە، لەبەرئەوە دەیەها نمونەمان لەبەردەستدایە كە لەسەردەمی رژێمی پێشوو وهەروەها رژێمەكانی پێش ئەویش كەحكومەتی عێراق لەپێناوی پرۆژەیەكی سیاسی یان بۆكۆكردنەوەی وڵاتانی تر لەچواردەوری بەرنامەو پرۆگرامە سیاسیەكەی خۆی زیانی گەورەی بەبەرژەوەندی گەلانی عێراق گەیاندووە ئەگەر بەخێرایی بگەڕێینەوە بۆ رابردوویەكی نزیك وهەڵسەنگاندنێكی راست ودروست بۆ پەیوەندیەكانی رژێمی بەعسی رووخاو بكەین لەگەڵ هەریەكە لەئێران وكوەیت وتوركیاو سوریاو ئوردن وعەرەبستانی سعودی بێگومان ئەو دەرئەنجامەمان چنگ دەكەوێت كەئەو شێوازە پەیوەندییە هیچ جۆرە هاوسەنگ بوونێكی تێدا نەبوو، لەدوا ویستگەشدا بەتەنها گەلی عێراق تێیدا زەرەرمەند بوو، ئەوپەیوەندییە ناتەندروستیەی عێراق لەگەڵ ئێران وكوەیتدا شەڕو كوشتاری خوێناوی لێكەوتەوە، هەروەها برسێتی وئابڵوقەی ئابووری بەدیاری بۆ هاوڵاتیانی عێراق هێنا،لەبەرامبەریشدا پەیوەندی لەگەڵ هەندێ وڵاتانی تردا لەفۆرمێكی زۆر سەیر وگاڵتە جاڕییدا بوو كەنەوتی عێراقی بەخۆڕایی وبێ بەرامبەر پێیان دەبەخشی لەكاتێكدا زۆربەی هاوڵاتیانی عێراق گیرۆدەی هەژاری ببوونەوە، ئەم مەنهەجی دبلۆماسییەتەی رژێمی پێشوو ئاسەوارێكی نەگەتیڤی لەسەر ڕێچكەی پەیوەندییەكانی ئێستای عێراق بەجێهێشتووە، تائێستاش ئەو وڵاتانە بەشێوەیەكی پڕ لەگومانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیێ عێراقدا دەكەن وهەڵسو كەوت لەبارەی دبلۆماسیێتی عێراقیەوە دەكەن، بەرووەییەكی تردا بەو ریتمە كار لەگەڵ دۆسیێی عێراق دەكەن كەئەوەی خۆیان دەیانەوێت بێ ئەوەی گوێ بەبەرژەوەندی خەڵكی عێراق وحكومەتی عێراق بدەن دەیكەن، وڵاتێكی دراوسێ بەرێگەی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە هەوڵی ئەوەدەدات كەعێراق لەژێر بەندی حەوتەم دەرباز نەبێت وسەرووەری تەواوی بۆ نەگەڕێتەوە، وڵاتی تر بەڕێگەی كۆمەككردنی تیرۆریستانەوە هەوڵی پشێوی وناسەقامگیربوونی ئاشتی دەدات وڵاتانی تریش كۆمەك وهاوكاری ئەوهێزو لایانانە دەكەن كەبەدۆستی خۆیان دایاندەنێن وبەچاوی خۆیان دەزانن لەناو پرۆسەی سیاسی عیرّاق لەنێو رەوشی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا كێشەی كێڵگەی بیرە نەوتییەكانی فەككە هاتە ئاراوە كە لەلایەن سوپای ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو ئالای ئێرانی لەسەر دانراوە، پاشان هەواڵەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كەئەو هێزە كشاونەتەوە، من لێرەدامەبەستم لەراستی ودروستی ئەم هەواڵە نیە كە تا چ ئەندازەیەك راستە یاخود ترش وخوێی زۆری پێوە كراوە ئەوەی لێرەدا مەبەستمە هەندێ كەناڵی راگەیاندنی بینراوە لەمیدیاكانی عەرەبی وعێراقی لەم بارەیەوە بەرنامەی تایبەتیان تەرخان كردووە بۆ زەقكردنەوەی ئەم بابەتە، هەمووومان دەزانین ئەجیندای تر لەپشت ئەم كارەوەیە، دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی ئێرانی دراوسێ ئەوە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژە ناوچە سنوورییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا جارو بار بۆردومان دەكەن وزیانی زۆری بەو ناوچانە گەیاندووە، پەرلەمانتارەكانمان لەبەغدا ئەم مەسەلایەن بردە ناوهۆڵی پەرلەمانەوە بەڵام ئەوانەی ئێستا خۆیان بە دڵسۆزی خاك ونیشتمان دەزانن وبەحەماسەتەوە باس لەفەككە دەكەن ئەوسا بۆ تۆپباران كردنەكەی هەرێمی كوردستان هەڵوێستێكی وەهایان نەبوو كەخەمخۆریان بۆ خاكی عێراق دەربخات تۆبڵێی ئەو هەڵوێستەیان لەوەوە هاتوو بێت كە كوردستان بەبەشێك لەدەوڵەتی عێراقی نەزانن ؟!

# چالاكییەكی كۆمەڵەی خوێندكاران

بە ئامادەبونی شلێر ڕەشید لێپرسراوی مەكتەبی بیرو هۆشیاری لە كەركوك . لقی كەركوكی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە خوێندنگای (مەتینی) ناوەندی كچان لە گەڕەكی فەیلەق كۆڕێكی لە ژێر ناونیشانی (توندوتیژی دژی ژنان و كچان ) سازكرد .

هەر هەمان رۆژ لە خوێندنگای (ئەستێرە)ی كچان و بە ئامادەبونی لێپرسراو و ئەندامانی كۆمەڵەی خویندكاران.

لقی كەركوكی كۆمەڵی خوێنكارانی كوردستان كۆڕێكی بۆ (هۆگر هارون) ساز كرد. لە كۆرەكەدا چەندین پرسیار لە لایەن ماموستایان و خوێنكارانی خوێندنگاكەوە ئاراستەی كۆرگێر كرا .

# وۆرك شۆپێك دەربارەی تەندروستی دەروونی

بەمەبەستی زیاتر هۆشیار كردنەوەی تیمە گەڕۆكە پزیشكییەكانی شاری كەركوك، ڕێكخراوی (I.r.d) بەهاوكاری فەرمانگەی تەندروستی كەركوك وۆرك شۆپێكی دەربارەی تەندروستی دەروونی بۆ تیمە گەڕۆكەكانی ناو شارەكە ڕێكخست.

لە ووۆرك شۆپەدا هەندێ زانیاریی سەبارەت بەتەندروستی دەرونی پێشكەس كرا. هەر لە وۆرك شۆپەكە دا چەندین ئامۆژگاریی پزیشكی پێشكەشی بەشداربوانی وۆرك شۆپەكە كرا.

# پێکدادانی دەسەڵاتەکان لە پەروەردکردنی منداڵاندا

ئا/ عیماد زەنگەنە

بۆ چوونێك هەیە کە ئێستا لەناو خەڵکدا زۆر بڵاوە، گوایە: " باشترە لەگەڵ کەس و کاری هاوسەرەکەتدا بژیت، چونکە ئەوان یارمەتیدەری چارەسەری کێشەکانت دەبن"

ئەمە قسەی دایکی ئازادی تەمەن ٤٩ ساڵە ، کە ئەندازیارە لە شارەوانیی کەرکوك، دایکی ئازاد وەك خۆی ئاماژەی پێکرد : (( من هەردوو کوڕەکەم ئازاد و نەوزاد بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاترە پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوەو تا ئێستا لەگەڵ خیزانەکەی ئێمەدا دەژین و لەو کاتەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە و تا ئێستا بچوکترین کێشە لە نێوانماندا ڕوووینەداوە ))ئەو جەختیشی کردەوە کە : (( پێکەوە ژیان لەگەڵ خێزانی نەوەکاندا لەم بارودۆخەدا زۆر پێویستەو ڕەنگە کێشەش رووبدات بەڵام دونیای ئەمڕۆ دونیای مەدەنییەتەو چارەسەری هەموو کێشەیەك لێکگەیشتن و دیالوگکردنەو، کێ دەستپێشخەری بکات لە لە چارەسەری کێشە ئەو کەسە سەرکەوتووتر و خۆشەویستترە لە نێو خێزان و تەنانەت لە کۆمەڵگەشدا )) ئەو بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر باسی لەوەشکرد کە : (( هاتنە ناوەوەی خەڵکی یا باشتر بڵێین بەشداربوونی خەڵکی کێشەکان ئاڵۆزتر تر دەکات و، بە دەگمەن چارەسەری کێشەکان دەکات و من خودی خۆم پێم وایە گەر ئەو هاتنە ناوەوەیەش چارەسەری کێشەکان بکات ئەوە ئەم چارەسەرە زیانبەخشە چونکە ماوەی بەردەوامبوون کەمدەکاتەوە ، گفتوگۆی جدی لەسەر کێشەکان ئەگەری ئەوەی هەیە ئەو کێشانە دووبارە نەبنەوە و کەسەکانیش هەر یەك شێوازی خۆی هەیە و تەنازولی زیاتر دەکات و مەرجیش نییە کەسێکی دیکە وابێت ))

## منداڵان و پێکدادانی دەسەڵاتەکان

شیلان ئەنوەر ، سێ ساڵ لەگەڵ کەس و کاری هاوسەرەکەیدا ژیاوە و شۆخان حەمید پێنج ساڵە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوەو ئێستا خاون سێ منداڵەو لەگەڵ کەس و کاری هاوسەرەکەیدا دەژێت ، شیلان و شۆخان پێیان وایە هەموو دایك و باوکێك ئاواتییان ئەوەیە حاڵی کوڕەکانیان لە باش باشتر بێت بەڵام کە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن و خانمەکانیان بیرۆکەی تازەیان پێیە بۆ منداڵ بە خێو کردن لێرەدا کێشە دەست پێدەکات ، شیلان ئەنوەر بۆ ئەم خاڵە قسەی خۆی هەیەو دەڵێت : (( بۆ نموونەدایك دەڵێت نابێت منداڵ جلی زۆر لەبەر بکات لە وەرزی زستاندا و بەو هۆیەی منداڵ لە ساتە وەختی جل گۆڕیندا سەرمای دەبێت بەڵام داپیرە یا بڵێین نەنکەکە بۆچوونی پێچەوانەیەو پێی وایە زستان وەرزێکی ساردەو پێویستە منداڵ جلی زۆر لەبەر بکات هەروەها لەسەر نوستنی منداڵ دایك ئارەزووی ئەوە دەکات کە منداڵ بە بەرنامەو لە کاتی دیاریکراودا بنوێت بەڵام داپیرە و باپیرە حەز بەوە دەکەن نوستن بە ئارەزووی منداڵەکە بێت )) .

گەران بە دوای جێگرەوەکاندا ژیان لەگەڵ کەس و کاری هاوسەردا ڕەنگە کێشەی بە دواوە بێت کە ئەویش لە دەرەنجامی تێکەڵاو بوون دێتە کایەوە ، دوور نییە ئەو کێشانەو چارەسەرکردنیشیان هێمنانە بەرێوە بچێت بەڵام هەندێك ژنان دەپرسن تاکەی ؟ ڕەنگە ژنان لەو حاڵەتەدا بیانەوێت قسەی یەکەم هی ئەوان بێت و ببنە سەرگەورەی ماڵ ، ڕەنگە ژنەکە سەرکەوتوو بێت لە بەرامبەردا سەرنەکەوتنیش بوونی هەیە ، بێگومان گەر لەوەدا سەرکەوتوو بێت ئەوە دەتوانێت ماڵێك و خێزانێکی تایبەت پێك بهێنی بەڵام گەر سەرکەوتوو نەبوو ڕەنگە تورە بێت و تورەبوونەکەشی کێشەی گەورەی بە دواوە بێت و ژیانی هاوسەرگیری نا جێگیر بێت .

ئەمانەو زۆر ووردەکاری دیکە مایەی جیاوازین و دەشێت ببنە ماکی کێشە ،ئاشکرایە دایك و باوك دیدیان جیاوازە و هەر کەسایەتییەك تایبەنمەندێتی خۆی هەیە ، دایك و باوك لە کۆمەڵەی کوردەواریدا ژینگەی تایبەت بە خۆیان هەبووەو بە هۆی ئەو زوڵم و زۆرەی بە درێژای مێژوو لە تاکی کورد کراوە ئەوان پێیان خۆشە لە منداڵ بەخێوکردندا بۆچوونی خۆیان بسەپێنن ، زۆر جار خێزانەکان ڕێکدەکەون لەناو خۆیاندا بەڵام دەستێوەردانی ئەوانیتر کێشەیان بۆ دروست دەکات و ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ منداڵ .

## بۆچوونی پسپۆڕان

دکتۆر عەدنان عامر ، پسپۆڕ لە بواری منداڵان وەك خۆی دەڵێت : (( من بۆماوەی چل ساڵ زیاترە لەم بوارەدا کاردەکەم تەواوی قەناعەتم بەوە هەیە کە کێبەرکێ لە نێوان خێزانەکاندا ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە و دەشێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لە سەر پەیوەندی نێوان کوڕ و دایك و باوك لە لایەك و لەلایەکی دیکە هەمان ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر پەیوەندی ژنەکەو دایك و باوکی هاوسەرەکەی و من پێم وایە داپیرەو باپیرە پەیامێکی ترسناك و هەڵە دەدەن بە کوڕ یا کچەکانیان کاتی ئەوەیان پێرادەگەیێنن کە ئەوان نازانن منداڵ بە خێو بکەن یا باشتر بڵێین منداڵ پەروەردە بکەن کەچی بە پێچەوانەوە داپیرەو باپیرە نازانن کە منداڵ زۆر لەوە زیرەکترە کە ئێمە شیمانەی دەکەین و منداڵان گەر هیچ نەزانن ئەوە دەزانن کە یاری بکەن لەسەر پێکدادانی دەسەڵاتەکان ، ڕەنگە کەسانێك هەبن گاڵتە بەم بۆچوونەی من بکەم بەڵام ئەوە ڕاستییەکە و پێویستە داپیرەو باپیرە عاتیفە وایان لێنەکات بریارێك بدەن پێچەوانەی بریاری دایك و باوکی منداڵەکە بێت چونکە ئەوە هۆکاری درستبوونی کێشەیە چونکە بەدەر لە ئارەزووی ئێمەی و نزیك لە پەروەردەی زانستی ڕاست سەرچاوەی دەسەڵات دایك و باوکە نەك باپیرەو داپیرەو گەر ئەوان بە ژیانی ڕابردووی خۆیاندا بچنەوە ئەوە درك بەو ڕاسییە دەکەن و پێویست ناکات ئێمە کێشە بۆ خێزانی تازە دروست بکەین )) .



# لاوان و پرسی ئەویندار ی

## لاوێك : گەر جوانی و دڵنەواییەك مابێت خۆشەویستیی کچانە

## کچێك : کوڕانی ئەم سەردەمە جێی باوەڕ نین

ئا/ عباس گەرمیانی

ژیان کردن بۆ خۆی واتای خۆشەویستی دەگەیەنێت ، مرۆڤ بەردەوام لە دێر زەمانەوە ئەم پرسەی ئەنجام داوە ، چونکە بە بێ بوونی ئەم حاڵەتە لە دیدی تاك دا بەهایەك نامێنێتەوە ، بۆ ئەوەی نرخ و جوانییەك ببەخشێتە ژیان .

### ئەوینداری

ویست و ئارەزوویەکە بە پێی قۆناغ و سەردەم هەر هەبووەو دەمێنێت، وەلێ ئەم ڕەفتارە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت کە چەندە ڕێزی لێ دەگرێت ، بێگومان ئەوینداری پتر لە قۆناغی لاویدا ئەنجام دەدرێت کە لە ئەوپەڕی جۆش و هەست ناسکیدایە ، چونکە لەو تەمەنەدا مرۆڤ پتر بە سۆز بیر دەکاتەوە نەك بە ئەقڵ،بۆیە هەندێك جار گرفت و ئاریشەی لێ بەرهەم دێت ، لە نێو زۆرێك لە خێزانەکاندا لەم کومەڵگەیەماندا باس لێوە کردنی ئەوەندە تەندروست و پەسەند نییە و تا ڕادەیەك هێڵی سوورە ، بۆ زیاتر قسە کردن لە سەر ئەم پرسە (ئەوینداری ) کە زیاتر لە نێو گەنج و لاواندا ئەنجام دەدرێت ، بە باشمان زانی گەشتێك بکەین بە نێو دڵ و دەروونی لاوان و لە نزیکەوە، لە زاری خۆیانەوە ،گوێمان لێ بێت ڕایان چییە سەبارەت ئەوینداری ئەم سەردەمە؟

سەرەتای گەشتەکەمان لە نزیك نەخۆشخانەی (کۆمار)ەوە دەستپێکرد، بەرلەوەی بگەینە شوێنی مەبەست پێشتر حاڵەتێکم سەرنج دابوو، لە ڕاستیدا بۆیان باس کردبووم ، دەستەیەك لە گەنجان ڕۆژانە ڕوو دەکەنە نەخۆشخانەکە ،بێ ئەوەی نەخۆش بن یاخود سەردانی پزیشك بکەن ، بۆیە هەوڵم دا لەو پۆلە لاوە نزیك ببمەوەو بیان هێنمە ئاخاوتن کە مەسەلەکەیان چییە وارۆژانە ڕوو دەکەنە ئەم شوێنە بە بێ هۆ ، هەر کە وام وت یەکێکیان بە ناوی( سالار تۆفیق) تەمەنی لە نێوان (١٧-١٥) ساڵی دابوو وتی:

مامۆستای بەرێز لەم ڕۆژگارەماندا خەڵك ئەوەندە بە ساویلکەیی نەماوەتەوە ، تۆ دەزانی ئێمە گەنجین پێویستی و ئارەزوومان هەیە ، هەرچییەك دەکەین ئەم خەڵکەی ئێمە دەڵێن عەیبە ، نازانین چی بکەین دەورووپشت ڕازی بێت ( تێر کوا ئاگای لە برسییە) ، کێ غەمی لاوان دەخوات ، لەم بە ناو شارە کاول بووەدا کوا خۆشی ، ، کوا شوێنێکی ئەوتۆ نەختێ تیایدا بسرەوین ، کوا ئاهەنگێ ، نە شانۆ هەیە ، نە بەزمێکی گۆرانی ، تەنیا مەگەر لە نەورۆزدا یەك دوو ڕۆژ بچینە دەرەوەی شار ، بە کورتی تەنیا ڕێگامان چاوبرکێی کچانە ، چاویان زۆر جوانە ، جوێنیشیان هەر خۆشە ، کچانیش هەندێکیان نەخۆش نین کە هاتوچۆی نەخۆشخانە دەکەن ، هاتنیان بۆ چاوبازییە ،خۆ ئەوینداری تاوان نییە ،تا ئێستا من بۆ خۆم دوو دۆستم هەیە.



پاشان کیژۆڵەی نەونەمام ( ئا . ر . عارف) کە تەمەنی حەڤدە ساڵانەو تەنیا چوار ساڵ خوێندویەتی بەڵام خوێنەرێکی باشەو تا بڵێی ووریایە ووتی : دەترسم بە فەتاراتم بدەی ناو و ڕەسمم نەگری ، لە دنیادا لە عەشق شیرینترو جوان تر نییە ، بەڵام کوا کوڕی ڕاستگۆ ، زۆربەیان فێڵبازن حەز دەکەن قۆڵی کچان ببڕن و ئەمجا بیانکەنە مەخسەرەی خۆیان ، پێموایە ئەوینداری ڕاستەقینە ڕەنگە باری کردبێت لە م وڵاتە کاول بووەدا ،بەڕاستی کوڕان جێی برواو بەڵێن نین ، دەبێت کچان زۆر ئاگایان لە خۆیان بێت ،بە قسەی لووسی کوڕان زۆر خۆش باوەڕ نەبن ،ئامۆژگاری من بۆ کچانی هاوڕەگەزم ئەوەیە هێندە ئاسان نەبن ئەگینا گورگان خواردە دەبن ،

کچێکی تر بە ناوی (س، ل ، عەزیز) کە قوتابی شەشی ئامادەیی، بەشی وێژەییە لە شاری خورماتوو، لەنێو بازاری ئاڵتوون فرۆشەکاندا بوو بە تووشمانەوە، زۆر بە هێمنی قسەی دەکرد،کەپرسیارەکەمان ئاراستەی کرد بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن :

خۆزگە دنیا بەمجۆرە قەت نەدەبوو، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر بێ بڕوایی و بێ بەڵێنی تەشەنەی کردووە ،ناوێری لە گەڵ کوڕێکدا دوو کەلیمە قسە بکەی ،داوای دەفتەرێکی لێ بکەیت ، یەکسەر دەرو دراوسێ لێت دەکەن بە هەرا ، دەڵێن ئەو دوو کورو کچە حەزیان لە یەکە ، وەکو ئەوەی تاوانێك بەرپا بووبێت ، دنیا ڕووخا بێت ، هەمدیسان کوڕانیش کەم نین ،من بۆ خۆم پێم باشە گەر کەسێك بە ڕاستی حەزی لێکردووم و بوومەتە دلگیری ،با بێتە داخوازیم کە کەس و کارم پێیان باش بوو ، ئەو دەمە منیش هەڵی دەسەنگێنم و بریاری خۆم دەدەم ، ئەوینداری زۆر خۆشە بەڵام زۆر ، ، زۆر حەزەری دەوی ، کچ بوونەوەرێکی زۆر ناسکە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرگەی گووشین ناگرێت ، دەبێ وەکو گوڵ یەك کەس بیبڕێ و بیبات بۆ خۆی ، بەدبەختییەکە لەوەدایە دەڵێن گوایە مێینە هەموو گیان و جەستەی عەیبەیە ، لەم شارەی ئێمەدا و بە تایبەت لە نێو کورداندا تازە هێدی ، ، هێدی خەریکە خێزانەکان کچانیان دەچنە شاران و لە زانکۆکان دەخوێنن ،

لە دوایی گەشتەکەماندا بە دەم پیاسەوە بەرەو لای (ئاوەسپی) چووین بینیمان گرۆپێ لاو خەریکی خوێندنن ، پاش سڵاو لێ کردنیان ،ڕووی داخوازی و پرسیارمان کردە یەکێکیان بە ناوی ( هۆگر فەتاح فلاّمەرز ) ، تەمەن (١٩) ساڵ و قوتابی شەشی ئامادەیی ، ئەویش

بە ڕێزەو نەختێك شەرمەوە سەرنجەکانی خۆی بەمشێوەیە بەیان کرد :ژیان بەبێ خۆشەویستی و ئەوینداری هەرگیز مانایەکی نییە ، گەر خۆشەویستی نەبێت ، هیوایەکی ئەوتۆ بۆ ژیان نامێنێت ، بەخوای دڵنیام باوك و دایکی ئێمەش دڵداریان کردووە ، بەڵام ئەکید وەکو هی ئەم سەردەمە نەبووە ، مرۆڤەکان ڕێزیان بۆ یەکتر زیاتر بووە ، قەناعەتت بێت مامۆستا من تاکو ئێستا دڵداریم نەکردووە ، حەزیشم لێیەتی ، بەڵام هەر بابەتێك وەختی خۆی ، چیت پێ بڵێم مۆبایل زۆربەی لاوەکانی لە ڕاستە ڕێگا دەرکردووە ، کوڕێك بە تایبەتی قوتابی گەر زۆر ئاقڵ و هۆشمەند نەبێت دەفەوتێت ، برادەری وام هەیە کە خوا پێداوە ئێژێت چەند دڵدارم هەیە ، ناوەکانیان دەژمێرێت ، جوان نییە ناوی ئاشکرا بکەم ، چەند ساڵ پاشەڕۆژو خوێندنەکەی بە خەسارەت داوە ،زۆر جار ئامۆژگاری دەکەم کە واز بێنێت و بگەڕێتەوە لای خوێندنەکەی کە ئایندەی لە سەر وەستاوە ،دەڵێ بێ کچ هەرگیز هەڵناکەم حەز دەکەم بەردەوام لە گەڵیاندا قسە بکەم ، قسەیان زۆر خۆشە ، چییە هەر سانت و کارت نییە ، ا بە قوربانی قسە خۆشە کانیان بێت، لە درێژەی قسەکەیدا کاکە هۆگر دووپاتی کردەوە، خۆزگە ئەوانەی دڵداری دەکەن نەختێك ڕێزی کەرامەتی خۆیان و خێزانەکانیان دەگرت ، لە نێو ئێمەدا شەرەف گەلێك گرانە.



هێدی گەلالی

# کەرکوك لەسەری ساڵدا !

ئەگەر چی جەژنی سەری ساڵی زایینیو لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لەهەر وڵاتو شارێکی ئەم جیهانەدا، ڕۆژێکە لێوانلێوە لە شادیو هەڵپەڕکێو مەراسیمی ئاهەنگ گێڕانو بەزمەسات لە کوردستانی ئازادیشدا کۆمەڵانی خەڵكو هاوڵاتیانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکوکیشەوە لە ڕۆژی (١/١)ی هەر ساڵێکدا بێبەش نین لە بەشداریە تەرفیهییەکانیانو سەردانو بەسەربردنی کاتە خۆشەکانیان، بەڵام لە ناوچەکانی هەرێمو کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکاندا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مامەڵەو هاتوچۆو مومارەسەکردنی خێزانەکانو تاكو کۆی دانیشتوانەکەیاندا بەدی دەکرێت.. هەموو دەزانین لە شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك لەشەوی سەری ساڵدا شەقامو شوێنە گشتیو قەرەباڵغەکانی شار دەبێتە چراخانو ڕووناکی.. خێزانەکانی ئەو شارە پۆل پۆل بە پیادەو بەئۆتۆمبیل شەقامەکان تەی دەکەنو ڕوو لە باخو باخچە رازاوەکانو شاری یاری دەکەن، هۆڵەکانی شار جمەیان دێ لە ئاهەنگو گۆرانی وتن، بەڵام سەبارەت بە خێزانەکانی شاری کەرکوك لەو ڕۆژەدا شوێنێکی تەرفیهی بەو شێوەیە نیە کە سەردانی بکەنو شادیو خۆشیەکانیان ڕەنگرێژی ئەو ڕۆژە بکەن.. چونکە لە ئێستادا جگە لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان کە شێوەی ڕەسمی بە خۆیەوە دەبینێت، هیچ هۆڵێکی تری فەرمی نیە کە ئاهەنگو مەراسیمەکانی ئەو ڕۆژەیان تێدا ببەنە سەر ئێستا لە کەرکوك دوو شاری یاری لەو ساڵانە بەم دواییە دروستکراون، بەو پێیەی کە هاوڵاتیانی شارەکە لە بۆنەو یادەکاندا ڕووی تێبکەنو چەند ساتێك شادییەکانیان بخەنە ڕوو بەڵام هەر دوو شاری یاری ( کەرکوكو چیمەن) کە هەردوکیان لە مەرکەزی شار زۆر دوورنو هەموو خێزانێك ناتوانێت سەردانی بکاتو ئەو ڕۆژە لەوێدا بەسەرببات، ئەگەر چی سێ هۆڵی ئەهلی لەو شارەدا هەیە کە لە بۆنەو یادەکاندا ئاهەنگو مەراسیمەکانی تێدا دەگێڕدرێت، بەناوی (لایف ستیو چراکانو نەورۆز) بەڵام جگە لە هۆڵی نەورۆز کە دەکەوێتە گەرەکی تەپەی مەلا عەبدوڵلاّ و ناو چەقی شارەوە، هەر دوو هۆڵەکەی تر لایف ستیو چراکان کە یەکێکیان دەکەوێتە نزیك بازگەی کەرکوك - هەولێر لە تەنیشت گۆڕستانی ڕەحیماوا، ئەوەی تریان دەکەوێتە نزیك گوندی چیمەن لە ڕێگای سلێمانی !!

بەهەر پێوەرێك بێت ماوەی ٧ ساڵ زیاترە لە کەرکوك پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەوتۆ لە ڕووی دابینکردنی شوێنە تەرفیهیەکان وەك باخچەو پارکی گەورەو دروستکردنی هۆڵی بۆنەو یادەکان نەکراوە کە دانیشتوانی شارەکە هەم پشویەکی ئارامیو هەناسەیەکی شادی لێبدەنو هەم بۆ چەند ساتێك ئاهەنگەکان بکەن، دەکرێ لایەنە پەیوەندی دارەکانی ئیدارەی کەرکوك ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیو بە تایبەتی لەو بوارەدا مشورێك بخۆنو لە ساڵی ٢٠١٠دا بەرنامەرێژی بۆ پرۆژەگەلێکی بواری دروستکردنی پارکی فراوانو هۆڵی بۆنەکا بکەن، ئەگەرنا ڕەنگە خێزانەکانی کەرکوك بە تایبەتیش گەنجەکان لەسەر جەم یادو بۆنە تەرفیهیو نەتەوەییەکاندا بەرەو هەولێرو سلێمانی کۆچبکەن!!

# نەبەردییەکانی دوێنێ، حیکایەتەکانی ئەمڕۆ

# ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ لیوای باریق



بیرەوەری/
محەمەد ئەحمەد تاهیر( توانا )

ئامادەکردنی/ خالید کاوێس قادر

(٢ -٣) رۆژ دەبوو لە شەڕی قەڵاتەی تەقتەق گەڕابووینەوە، واتە لە ٢ /٦/ ١٩٨٧ شەهید یاسین رۆژبەیانی کە لەوێ شەهید ببوو، ئێمە لە پرسەکەی بووین لە گوندی شەوگێڕی شێخ بزێنی.

نزیکەی (٢٠ -٢٥) پێشمەرگەی کەرتی یەکی ساڵەیی ٢١ ی کەرکوك لەوێ بوین، چێشتەنگاو بوو، لە پڕ ئاگادار بووینەوە کە هێزێکی زەبەلاحی دوژمن کە بەهێزی باریق ناسراوبوو، بە خۆیانو جۆرەها چەكو تەقەمەنو دەبابەو تۆپی قورسو لە هەمانکاتدا کۆپتەر بەسەر ناوچەکە دەسووڕایەوە ودەستڕێژی کوێرانەی دەکردو هەروەها تۆپبارانی گوندەکانی شێخ بزێنی دەکرد.

هێزەکە لەسەر کەلی عەلی بەیانو تولکی مۆڵیان بەستو وردە وردە دەهاتنە خوارەوە بەرەو تولکیو لەوێشەوە بەرەو حاویەی کاولە سوار دەهاتن.

لەوکاتەدا ئێمە وەك هێزی پێشمەرگەو هاوڵاتیانی سنوورەکە، کە لە حاویەی شەوگێڕ بووین بەپەلە خۆمان ئامادەکردو بە فەرماندەیی سەرباز مام حوسێن کە ئەو دەمانە فەرماندەی کەرتی یەك بوو، شەهید ئاکۆ سوور شەوگێڕی جێگری بوو، بەپەلە کاك سەرباز هەندێ قسەی بۆ کردین و نەخشەیەکی دانا کە چی بکەین و چۆن بەر لە هێزەکەی دوژمن بگرین، کە پێویستە دەرسێکی وا بەو هێزەی دوژمن بدەین کە بەجارێ لووتیان بشکێنین و نەتوانن بەو سانایییەوە بێنە سنوورەکەمان .

هێزەکەمان بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکمان بە فەرماندەیی شەهید ئاکۆ سوور کە نزیکەی (١٠- ١٢) پێشمەرگەو هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرەو بەستی حاویەی تولکی رۆیشتن، کە شوێنەکەی دارو قامیشەڵانە ، ئەم بەشە کەوتینە بەرامبەر هێزەکەی دوژمن کە بەرەو حاویە دەهاتو هێزەکەی دوژمن پێکهاتبوو لە قوات خاسە بەهەزاران قوات خاسە دەبوون، جگە لەوەش جاش چاو ساغی دەکردنو بە پیادە دەهاتن.

ئەو هێزەی شەهید ئاکۆ سوور تەنها بیکەیسیەكو ئاربیجیەكو کلاشنکۆفو برنەویان پێ بوو، ئەم پێشمەرگانەیان لەگەڵ بوو (هیوا کەلۆری، عەلی مەنزەر، شەهید ئاواتە رەش، حاجی سمایل، شێخەی عەلی بەیان، تالیب مام فارووق، حەسەن شورتە، شێروان شەوگێری ، عومەری ئامۆزای شەهید مام برایمە سوور، عەلی شەوگێری ، عوسمان بیرەسپانی) ، هێزەکەی ترمان کە سەرباز مام حوسێن سەرپەرشتی ئەکرد لەم پێشمەرگانە بوون (شەهید مەلا یوسف، شەهید مام کەریم، توانا، سەربەست، فازڵ برای شەهید یاسین، مامۆستا عادل سەقزلی، پێشڕەو، زەهاو ، یوسف برای شەهید ئاکۆسوور، شەهید رەزا ناروجەیی، سیروان بیکەیسی) ، بەرلەوەی بچین بەرەو ڕووی هێزەکەی دوژمن، کاك سەرباز بە شەهید مەلا یوسفی ووت: تۆ مەیە لەگەڵمان، لەگرتنی سەربازگەی قەڵاتە تازە دەستت بریندار بووە، شەهید مەلا یوسف ووتی: هەر دێم لەگەڵتانو برینەکەم سووکە.

هێزەکەی ئێمە بە هەڵەتەکان رۆیشتنو لە پشتەوە سەر گردەکانمان لە دوژمن گرتو وردە وردە بێ ئەوەی ئاگایان لێمان بێت، لێیان نزیك دەکەوتینەوە، تەماشامان کرد باریق لە ناوەڕاست هێزەکەی خۆیان بوو، دیاربوو قسەی بۆ ئەفسەرەکانی ئەکردو رێنمایی ئەدانێ.

لەو کاتە لە سەرەوە لێیان هاتینە دەستو بە جۆرێکی وا کە دوژمن بە جارێ شپرزە بوو، تەنانەت دەستیشیان بەرزکردەوە بە نیازی تەسلیم بوون بوون.

شەهید مام کەریمو شەهید مەلا یوسف بێئەوەی چاوەڕوانی ئەمری فەرماندە بکەن، یان وەزعەکە بزانن چۆن دەبێ، یەکسەر هێرشیان کردە سەر دوژمن، لە کاتێکدا کە (٣٠٠ - ٤٠٠) مەترێ کەمتر لەیەکەوە لە دوژمن دووربووین، نزیکەی نیو سەعاتێ دەبوو شەڕ گەرم ببوو، (٦ - ٧) کۆپتەر هاتنو کەوتنە دەست درێژی ناوچەکە ، بەتایبەت چوار دەوری هێزەکەی خۆیان دەستڕێژ دەکرد، بۆ ئەوەی ئێمە نزیکیان نەکەوینەوەو نەکەونە بەر دەستمان.

ئێمە لەبەر ئەوەی لەشەڕەکە زۆر باڵا دەست بووینو دوژمن بەبەر چاومانەوە بوو، بینیمان بارقو سەربازێکی زۆر بریندار ببوون، لە قەد یاڵەکە وازێکی سەربازی ویستی بەرەو هێزەکەی خۆیان بڕوات، پێدەچوو سەیارەکەی بارق بووبێ ، بەڵام لەبەر تەقەی زۆر لەسەریان نەیتوانی بچێتە پێشەوە، لەهەمانکاتدا بینیمان لانکرۆزێکی سپی کە سەرۆك جاشێك لێیدەخوڕی، بەرەو لای هێزەکەی بارق رۆیشتو خۆی بارقی بە برینداری لە شەڕەکە دوور خستەوە.

کۆپتەرەکان کە ئێمەیان زۆر سەخڵەت کرد، کەوتینە پاشە کشە کردن بەرەو حاویەی تولکی، لەو کاتەدا ئاسۆ شەل گوللەیەك بەر رانی کەوتو بریندار بوو، بەهەزار حاڵ لەوێ دووریان خستەوە.

لەبەر ئەوەی تەقەیەکی زۆرمان لەسەر بوو، مەجالی دەربازکردن و دوورخستنەوەی ئاسۆمان نەبوو، کە لەشوێنی شەڕەکە دووری بخەینەوە ، ئاسۆ ووتی: من لە ناوئاودرێ بەجێ بهێڵنو پووش بدەنە سەرما تاوەکو دوژمن نەمبینێ، با بە بۆنەی منەوە چەند پێشمەرگەیەك شەهید نەبێو ئێمەش بۆ سەلامەتی پێشمەرگەکانی ترهەر وامان کرد.

لەو شەڕەدا کاك سەربازو فازڵ رۆژبەیان بریندار بوون، لەگەڵ قۆڵەکەی شەهید ئاکۆ سوور یەکمان گرتەوەو بزانین کێمان دیارەو کێش دیار نیە، لەهەمانکاتدا هێزەکەی دوژمن هەر بە دوامانەوە بوو، لەوێ تەماشامانکرد چەند پێشمەرگەیەکمان دیار نیە، هەروەها بریندارەکەمان کەوتە پشت هێزەکەی دوژمنەوەو ئاگامان لێ ی نەما.

دوژمن بە تۆپی قورسو راجیمەو کۆپتەر کەوتە بۆردومانی ناوچەکەو بە تایبەتی ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووینو بە هۆی پووشو پەڵاشی زۆرەوەن ناوچەکە یەکپارچە گڕی گرتو بوو بە دوکەڵێکی چڕو یەکترمان باش نەدەبینیو کۆپتەرەکانیش بەهۆی دوکەڵەوە کەوتنە پاشە کشە کردن، لەو کاتانە ئێمە دووبارە کەوتینە هێرش کردن بۆ سەر ئەو هێزەی دوژمن کە هاتبووە پێشەوە، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا (٢) ئەفسەرمان بە پلەی (ملازم) بە دیل گرتو چووینەوە سەر ئەو شوێنەی ئاسۆ شەلی لێبوو، تەماشامان کرد هەر لە شوێنەکەی خۆی ماوەو سەلامەتە، هەروەها چووینەوە ئەو شوێنە کە یەکەمجار هێرشمان کرد بۆ سەر بارقو لەوێ تەماشامانکرد مەلا یوسف لەوێ شەهید ببوو، خوێنێکی زۆریش لەو ناوە بوو کە پێدەچوو دوژمن بریندارو کوژراوێکی زۆری دابێ، کەلو پەلی سەربازیش بەجێمابوو، شۆفرلێتێکی سەربازی بە پڕ تەقەمەنییەوە تەقی بۆوەو ئاگری تێبەربوو بەجێمابوو، پاشان گەڕاین بە دوای ئەو برادەرانەمان کە لێمان دابڕابوون، تەرمەکەی شەهید مام کەریممان دۆزیەوە کە (٢٠ - ٣٠) مەترێ لەو دوور بوو جگە لەوەی گولەی بەرکەتبوو، بە هۆی سووتانی ناوچەکەشەوە ئاگری تێ بەربوو، دواتر تەرمی هەردوو شەهیدەکانمان هەڵگرتو بردیانمان بۆ گوندی پەڵکانەو لەوێ بە خاکمان سپاردن.

هەر ئەو شەوە بریندارەکانمان بەرێ کرد بەرەو مۆرخواردە، کە نەخۆشخانەی شۆڕش لەوێ بوو.

بۆ رۆژی دواتر لە حاویەی کاولە سوارو شەوگێڕ تەوزیع بووین، چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد دوژمن جارێکیتر هێرشی بکاتەوە سەر ناوچەکە، کاتژمێر (٨)ی بەیانی هێزەکەی دوژمن هاتەوەو دیار بوو ئەفسەرو سەربازییان لێ بەجێ مابوو، هاتنو کوژراوەکانی خۆیان گواستەوەو لەهەمانکاتدا کۆپتەرێکی زۆریش دەسوڕایەوەو بە تۆپی قورسیش تۆپبارانی ناوچەکەیان دەکرد، بەڵام هیچ هێرش نەکرایە سەرمانو تا ئێوارەیەکی درەنگ ئێمە هەر واماینەوە.



١٩٨٦ / سەرگەڵوو / تیپی ٢١ی کەرکوك
لەڕاستەوە/ وەستاوەکان : ئیسماعیل شەوگێڕی ، جەبار ستیف ، شەهید مەلا یوسف ، حەمە گەڵۆزی ، یوسف حازم، شەهید نەقیب سیروان
دانیشتوو/ ( شەهید مام کەریم ، ............ ، ............ ، هێمنە خڕە ، بەکر سەقەڕ)



تیپی ٢١ی کەرکوك
کەرتی یەکی ساڵەیی

# شەهیدبوونی مامۆستا فوئاد

# لەدەستدانی قەڵەمێکی شارەکەمان بوو



بێگومان بە لەدەستدانی هەر مرۆڤێکی کاراو لێهاتوو لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی نیگەرانی لە هزردا، بە تایبەتی لە چینی رۆشنبیرانو خاوەن قەڵەمەکان، هەڵبەتە ئێمەش وەکو گەلێکی خاوەن کەلتوور بە مەرگی هەرتاکێکی چینی ناوبراو لە کۆمەڵگاکەماندا زیاتر پێی غەمگینو دلگران دەبین، چونکە کاردانەوەی بە زیان تێدەپەڕێ جێگاکەشی بە ئاسانی پڕ نابێتەوە هەر چەند مردنیش یەکێکە لە سونەتەکانی ژیان یەخەی هەموو مرۆڤێك دەگرێو چارەنووسی هەموانە.

ئەوەی لەم بابەتەدا ئەیوروژێنین کە وەك "هێما"یەکە بۆ گیانی یەك لەو رۆشنبیرو نووسەرانەی خاوەن قەڵەمێکی پاكو بێگەردی شارەکەمان خورماتووی زێدە ئازیز بوو، کە ئەویش مامۆستای شەهید "فوئاد مەحمود قادر"ە بەراستی بە ماڵئاواییکردنی شەقامی شاری هەژاندو تێیدا ناخێك نەمابوو نەچێتە دونیای پڕ لە ئەفسوسو پەژارەوە چاوێکیش نەمابوو فرمێسکی تێنەزێت، هەرچەندە پێم وابێ نوسینێکی وەها رێزگرتنێکی ئەو تۆ نیە لەهەر خاوەن قەڵەمێکی وڵاتەکەم ،چونکە نمونەی ئەم کەسانە شایستەی شتی گەورەترن، مامۆستا فوئاد لە ساڵی ١٩٥٤ لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە شاری خورماتوو هاتۆتە دونیاوەو قۆناغی سەرەتایی وناوەندیو دواناوەندی هەر لەهەمان شار تەواو دەکاو پاشان لە زانکۆی بەغدا بەشی ئاداب لە زمانی کوردی وەردەگیرێ، لە ساڵی ١٩٧٤ خوێندنی زانکۆ تەواو دەکاو لەهەمان ساڵیشدا لە شاری خورماتوودا دادەمەزرێ، بە حوکمی ئەوەی شارەزاییەکی باشی دەبێ لەسەردەستی بەدەیان قوتابی بە چاکی فێری خوێندنو نوسینی زمانی دایك دەبن، بەڵام بەهۆی پابەند بوونی خۆیو بنەماڵەکەی بە شۆڕشەکانی وەك ئەیلولو شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان ، هەمیشە جێگای گومان بوونە لە هەمبەر دەزگا سیخورەکانی سەردەمی رژێمی پێشوو، بۆیە هەر بەو هۆکارەشەوە لە شاری خورماتوو دووری دەخەنەوەو فەرمانی گواستنەوە بۆ دەردەکەن بۆ شاری تکریت ئیتر لەو دەمەوە چیتر نەیتوانیوە درێژە بە خزمەتکردنی لەوانە وتنەوەدا بکا، تا سەر هەڵدانی پرۆسەی ئازادی لە عێراقو بەشێك لە ناوچە تازە رزگارکراوەکاندا، شاری خورماتوو وەك یەك لەو شارانەبوو کەوا ئازادی تەواو تێدا بەرقەراربوو ، هەڵبەتە یەك لەو ئازادییە کردنەوەی دەرگای قوتابخانە کوردییەکان بوو ، دیسانەوە ناوبراو وەکو پێشو کەوتە خزمەتکردنی زیاتر بە خوێندنو وانەی کوردی لە شاری خورماتوودا رۆڵی بەرچاوو کاریگەری هەبوو لە راپەراندنی پرسی پەروەردەو فێرکردندا تایبەت بە زمانی کوردی.

بەڵام مخابن مەرگ مەودای نەداو ئەوەبوو لە ٢٣ /٥/ ٢٠٠٥ لەیەکەم دەروازەی شاردا تیرۆریستان ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو دەتەقێنەوە بە سەیارەکەیانداو لە ئاکامدا مامۆستا فوئادو دوو پێشمەرگەو هاوڵاتیەکی سڤیل بەناوەکانی "کامەرانو رەحمانو یوسف"

**هەزاران سەڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید مامۆستا فوئادوکامەران و رەحمان و یوسف و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان**

**کەریم قەڵایی**

# کافکا نمونەی نوسەری گەورەی ریالیزم

جۆرج لۆکاچ
و/شەرەف فەلاح



فرانس کافکا نمونەی کلاسیکی نوسەری مۆدێرنە کە گیرۆدەو تووشی شڵەژاوی‌و کوێرەوەریی‌و ترسبوو، هەلومەرجی دەگمەن‌و ناوەزەیی ئەو نیشاندەری ئەم هەقیقەتەیە کە شێوەیەکی راستەوخۆو روونی بۆ دەربرینی ئەزمونی بنەرەتی هەڵبژاردو بەبێ یارمەتی‌و هاریکاری‌و ئەزموونی فۆرماڵیستەکان ئەم کارەی بۆ ئەنجامدا، لەبەرهەمەکانیدا ناوەرۆك دەربڕی قەوارەو فۆرمی جوانیناسییە، بەم واتایە کافکا لە نمونەی نوسەرانی گەورەی ریالیستیە، لە راستیدا ئەو یەکێك لە نوسەرە گەورەکانە، چونکە کەمترو دەگمەن نوسەرێك توانیویەتی لە وێناکردنی خەیاڵی نوێی ڕوون‌و ئاشکرای جیهاندا شارەزایی ئەوی هەبێت، چۆنیەتی بەرهەمی کافکا تەنیا نیشان لە ئەوپەڕی راستگۆیی ئەو نیە - کە ئەمەش لەسەردەمی ئێمەدا زۆر دەگمەنە - بەڵکو بە هۆی ڕوونی‌و هاودەنگیەوەیە کە ئەو لە دونیادا دەیخولقێنێت، ئەمەیە سەرەکیترین سەرکەوتنی کافکا "گیرکە کورد" دەیووت: هەرچەندە رەسەنایەتی تاك زیاتر بێت، زیاتر توشی ترس‌و دڵە راوكێیە، کافکا کە لە هزری "گیرکە کورد"ی دا نوێ خوازو داهێنەرە، ئەم شڵەژان‌و جیهانە لێك هەڵوەشاوو پارچە پارچەکراوە وێنادەکات کە هەم تەواوکەرو هەم هۆکاریەتی، رەسەنایەتی ئەو لە دۆزینەوەو داهێنانی ئامێری نوێی دەربڕێندا نیە، بەڵکو لە دەربڕیندا بە تەواوەتی رەخنە گرو هەمیشە ترس هێنەری دونیاو داهێنان‌و دژەکردەی پاڵەوان‌و کەسایەتیەکانیەتی لەهەمبەر داهێناندا، "تیۆدرۆ ئادۆرنۆ" دەنوسێت: ئەوەی کە مرۆڤ توشی سەر سورمان‌و حەپەسان دەکات، حەپەساوی بەرهەمی کافکا نیە، بەڵکو کەتواری بونیەتی، تایبەتمەندی دڕندانەی جیهانی سەرمایەداریی مۆدێرن‌و کەمهێنان‌و ناکارامەیی مرۆڤ لە بەرامبەریدا، ناوەرۆکی راستەقینەی نوسینی کافکایە، راستگۆی‌و یەك دڵی ئەو بێ هیچ گرێیەك بەرهەمی هێزە پڕ کێشەو ئاڵۆزو پێکناکۆکەکانی کۆمەڵگایە، ئێستا لایەنی بەرهەمێکی ئەو شرۆڤەو لێك دەدەمەوە، کافکا لەسەردەمێکدا دەینوسی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری تەوەری شڵەژان‌و نیگەرانی ئەو هێشتا تا ئاستی گۆرانی مێژوویی خۆی زۆری مابوو، جیهانێکی دڕندانە کە ئەو وێنای دەکرد جیهانی بە تەواوەتی فاشیزم نەبوو، بەڵکو پاشایەتی "هابسبۆرگ" بوو، شڵەژانی بەردەوام پەسەند هەڵنەگر لەم دونیای بی‌و بێ مێژووە نا ڕوونە کە لە بازنەیەك لە کەش‌و هەوای پڕاگدا بە تەواوەتی رەنگی داوەتەوە، کافکا لە چاخی مێژوویی خۆیدا لە دوو بواردا قازانجی کرد، لەلایەك وردەکارییەکانی گێرانەوەی ئەو لە کۆمەڵگای ئوتریشی"نەمسا"یی ئەو سەردەمەو سەرچاوەی دەگری، لە لایەکی دیکەوە ناراستەقینەی بوونی مرۆڤە کە ئامانجی دەرك پێکردنیەتی دەگرێ پێوەندی بدەی بە هەستێکی وەك ناراستەقینە بوونی‌و پەشۆکاویی کۆمەڵگایەکەوە کە ئەو دەیناسی‌و پێناسەی دەکرد، تێڕوانینی یەکسانی ئەو لەگەڵ دۆخی مرۆڤ زۆر شایستەو جێگای پەسەندتر بوو، کە لە تێڕوانینەکانی دوایی ئیلهام وەرگیراوە، کە دڕندەو ترسینەر تێیدا بە ئەزمونگەرایی‌و فۆرماڵیستی شتە گەلی زۆر دەبێ بسرێنەوە، یان ناڕوون لە پشتی پەردەدا دەری ببڕین تاکو ئەو وێنا بێ زەمەن‌و بێ مێژووە دڵخوازو گونجاوە لە دۆخی مرۆڤ بە دەست بهێنرێت، بەڵام ئەم تایبەت مەندیە ئەگەر چی هۆی کاریگەرو سەرسورهێنەرو هێزو توانایی‌مان‌و نەگۆڕی‌و کافکایە، ناتوانێت تایبەتمەندی لە بنەڕەتدا نمونەی ئەوان دابپۆشێت، هێزی سەر سوڕهێنەری پەسەندانی وردەکاریەکان لە بەرهەمی کافکادا ئاماژە بۆ واقعیەتێکی یان ئەزموونی ئیمپریالیزم گۆڕاو دەکات‌و شێوەو ڕەوشی کافکا لە بێزمەندیدا وێنا دەکات، وردەکاریەکان لەبەرهەمی کافکا وەکو: ریالیزم گرێ کوێرە تاکە کەسیەکان، یان کۆمەلایەتی دەرنابڕێت، نیشانە ناڕوونەکانی یان ئەزمون دەردەبڕێت، کە تێگەیشتنیان دژوارە، هەتاکو ئاستی هێزو توانای وروژێنەر زیاتر گێژاوو مەرگەسات قوڵتر بێ، کەلێنی دیارو بەرچاوی نێوان واتاو بوون ئاشکراترە، بۆ نوسەر دژوارو ئاڵۆزە، بەڵام ڕەنگەو دەلوی روانگەو تێڕوانینی خۆی بە خۆی، هاورەگەزەکانی‌و بە گشتی هێز گەلێك کە دژی ئەو کارە دەکەن زۆر بە هێزو توانان، نەهێلیزم‌و بەدگومانی، ناهومێدی‌و شلەژان، شك‌و گومان‌و بێزار بوون لە خۆ، بەرهەمی لەناکاوی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە کە ڕوناکبیران بە ناژاری تێیایدان، زۆر هۆکاری تر لە فێرکردن‌و بارهێنان‌و شوێنەکانی تر بە دژی ئەو هەستاونەتەوە هەڵوێستیان گرتوە، بۆ نمونە سەرنج بدەین بەد گومانی هەڵکەوتوانی ڕوناکبیر فەلسەفەیەك ئەعیانی گرنگترو بە بایەخترە تاکو باوەڕ بە گەشەو پێشکەوتنی مرۆڤ، یان ئەم باوەڕە کە تاك - ڕێك وەکو ئەندامێك لە نوخبەکان بە ناچاری قوربانی هێزە مێژوویەکانە، یان ئەم ئەندێشەیە کە سەر هەڵدانی کۆمەڵگای مرۆیی کارەساتی رەهای زۆربەی رۆژنامەکانی بە پێکهێنان‌و رەخساندنی وەها لایەنگر گەلێك خزمەت دەکەن (لە ڕاستیدا ئەم ڕۆڵەیان بۆ بەردەوامی‌و درێژە پێدانی خەباتی لە شەڕی سارددا) دەڵێی بۆ ڕوناکبیران بوونی بیرو باوەڕێك جگە لە تیۆریگەلی دوگماتیزمی مۆدێرنیزمی سەبارەت بە ژیان، هونەرو فەلسەفە بێ بایەخ‌و بەهایە، پشتیوانیکردن لە ریالیزم لە هونەردا، راڤەو لێکدانەوەی پێداویستیەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی نێوان گەلان، هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندن‌و بەراوردی بێلایەنی خەڵك سالاری (کە بە واتای وەفادار بوون پێی نیە) هەموو ئەمانە ڕەنگە نوسەر لە ڕوانگەی هاوکاران‌و کە سانێك کە ئەو بۆ درێژەی ژین پشتی پێیان بەستووە دوور بخاتەوە، کاتێك نوسەرێك لە ئاست مەقامی "سارتێر"دا ناچار بە قبوڵکردنی وەها هێرش گەلێك بچێت ڕەنگە پێگەو بارودۆخ بۆ نووسەرانی لاوی کەم تەمەنتر چەندە پڕ مەترسی بێت ئەمانە زۆریتر هەقیقەتێکی دژوارن، بەڵام نابێت لەبیر کەن هێزەکانی بەرامبەر خاوەن تواناو وزەن، بە تایبەت ئەمڕۆکە، خەریکی چالاکین، نوسەرێك کە بەرژەوندیی سەرەکیی خۆی، نەتەوەی خۆی‌و بە گشتی مرۆڤ لەبەر چاو دەگرێت بڕیار دەدات کە دژی هێزە گەلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ستەمکاریدا خەبات بکات، ئێستا ئیدی بە تەنیا نیە، هەرچەندە ئەو گەشە بە لێکۆڵینەوەکانی بدات‌و سەرکەوێت، هەڵبژاردن‌و دەست نیشان کردن‌و پتەوو قایمترو هەست کردن بە تەنیا ئیشی کەمتر دەبێتەوە، چونکە ئەو خۆی لەگەڵ هێز گەلێك لە جیهان پێوەند دەدات کە رۆژێك دەبنە حاکم، سەردەمێك کە فاشیزم بە دەسەڵات گەیشت، وەکو سەردەمی دەسەڵاتداری فاشیزمەکان‌و سەردەمی شەڕی سارددا دوای ئەوەی بۆ پەرەو گەشەی ریالیزمی رەخنە گرانە بە هیچ شێوەیەك گونجاو نەبوو لەگەڵ ئەمەشدا پرۆژەگەلێکی بەنرخ‌و لەوسەردەمەدا بەڕێوەچوون، نە تیرۆریی جەستەیی‌و نەك زەخت‌و گوشاری فیکری هیچ کام لەبەر گریکردن لێی سەرکەوتوو نەبوو، بەردەوام ئەو نوسەرە ریالیزمە رەخنە گرەکان بوون لەگەڵ شەر بوون بە شێوەو قەوارەی ساردو گەرم‌و هەروەها لەناوچوون‌و سڕینەوەی هونەرو کولتوردا دژایەتیانکردووە، بەرهەمی هونەریی بەرچاو دیار کە لە ماوەی ئەم خەباتەدا کەم نەبوون، ئەمڕۆ شکستی لەناکاوی سیاسەتەکانی شەڕی ساردو تێڕوانین‌و ڕوانگەی پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانەی گەلان پانتایەکی بەربلاو بۆ ئەدەبیاتی رەخنەیی‌و ئەدەبیاتی ریالیزمی بۆرژوازی پێکدەهێنێت، بارودۆخی دژواری چاخی ئێمە دژایەتی نێوان سەرمایەداری‌و سۆسیالیزم نیە، بەڵکو دژایەتی نێوان شەڕو ئاشتییە، سەرەکیترین ئەرکی سەر شان ڕوناکبیری بۆرژوا لابردن‌و رەتکردنەوەی شڵەژانی زۆرە ملێ ڕێنوێنی‌و ڕێگای رزگاریی مرۆڤایەتیە تاکو سەرکەوتنی سۆسیالیزم، چونکە ئەم تێڕوانینە یەکسان‌و بەرامبەریی نوسەری بۆرژوایەو ئەمڕۆ بارودۆخ‌و پێگەیەکی باشتری بۆ چارەسەرکردنی دۆخی دژواری خۆی هەیە تاکو رابردوو، ئەو بارودۆخە دژوارە هەڵبژاردنێکە لە نێوان مۆدێرنیزمی دلگیر (سەرنجراکێش) بەڵام لەباری جوانی ناسیەوە ·ئیستاتیکاییەوە) لەرزۆکەو ریالیزمی رەخنەگرانە بەکەڵکترە.

---

سەرچاوە/کتێبی لە بارەی ئەدەبیات‌و هونەرەوە

# مەسەلەیەك نیە مردن



خالید کاوێس قادر

لەرەگەوە بەبادا چوون
هەناسەدانی من
مەرگی ماسی
( مردن مەسەلەیەک نیە
توانەوەی سەهۆڵ
سەگەکانی سەرەڕێ
دڵی من )
دڵنەواییم لەو دیو تەمتوومانی
ڕۆژگارەوە
بەجێما
لەودیو تەمتوومانی ڕۆژگارەوە
هەناسەدانی من
مەرگی ماسی
بۆ سەرەتا ناگەرێنەوە شتەکان
شتەکان
هەناسەدانی من
مەرگی ماسی
گەمەی جەنگەکانمان دۆڕندا
من جەنگەڵیم
مردن چیە؟!
( مردن مەسەلەیەک نیە
توانەوەی سەهۆڵ
سەگەکانی سەرەڕێ )
بێئاگا ،بێ هەست وخوست
دەروازم واز
خۆم حەشاردا
لەو دیوو تەمتوومانی ڕۆژگارەوە
خۆم لەخۆم
حەشاردا
تەمتوومان:
هەناسەدانی من
مەرگی ماسی
ملکەچی من بۆ؟!
( مردن مەسەلەیەک نیە
توانەوەی سەهۆڵ
سەگەکانی سەرەڕێ
دڵی من )
بستۆکەیەك ئەمارەتی
حەسانەوەم
هەرچی با
لەئەمارەتی حەسانەوەم با
هەڵچوونی شێتانەم
منداڵێکی ساوا
زەردەی ئێواران
پەرداخێ بەتاڵ
دڵی من
لەپرسەی گوڵەگەنمێ
وورده گەڵای پایز کۆدەکەمەوە
ووردەگەڵا
نێرگزە جاڕ
( مردن مەسەلەیەک نیە
توانەوەی سەهۆڵ
سەگەکانی سەرەڕێ
دڵی من )
لەهەورە تریشقەوە هاتم
هاتم مانگەشەو تۆرابوو
نێرگزەجار
هەناسەدانی من
مەرگی ماسی
١٥ /٩ /٢٠٠٠

# فرمێسکێ بۆ شانۆی کوردی کەرکوك



ئەسوەد فایەق رەحمان

لە یادی کۆچی شانۆ نوسی جیهانی (سامۆئیل بیکت) تیپی شانۆی (ئەزمونگەری) لە شاری کەرکوك سێ کورتە شانۆیان بە هاوکاری دەزگای شەفەق‌و کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لە کەرکوك نمایش کرد.
لە کاتی نمایش کردنی شانۆکاندا هەستم پاڵی پێوە دەنام کە لەسەر ئەو هەموو کێشەو گرفتارانەی شاری کەرکوك‌و خودی خۆم تاوێ باش بۆ شانۆی کوردی لەم شارەدا بگریم.
نەك بۆ نمایشەکان، چونکە کارم بە خودی نمایشەکان نیە، لە جولەی ئەکتەرو ڕوناکی‌و مۆزیك، ئەوەی رای دەرهێنەر بۆ هەر پرسیارێ وەڵامی خۆی ڕەنگە هەبێ.
لەنەبوونی مۆزیك یاخود فەرامۆشکردنی روناکی‌و هتد...
بەڵام گریانی من بۆ دوور تەوەری گرنگی ترە، کە بەڕاستی جێگای ئازارو نیگەرانیە بۆ هەموو شانۆکاران لەم شارەدا.
١-نەبوونی بینەری شانۆ، کە گروپێك بۆ ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی کارێکی شانۆیین‌و ماندوو ئەبن تاکو شانۆکە دەگاتە ئەو ئاستەی نمایش بکرێ، کەچی وەك پێویست جەماوەری ئامادە نابێت ،جگە لەو هونەرمەندانە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەتایبەتی ئافرەت هەر نابینرێ، لەوەشی خەماوی تر کە بەداخەوە ئەگەر تەماشای ئاماری ڕێکخراوی هونەرمەندان بکرێت ئەوا بە دەیان ژن‌و پیاو لەو ڕێکخراوە ناونوس کراون، وە لە کاتی پێویستدا بۆ ڕێز لێنان یاخود کاری تایبەت بە ڕێکخراوەکە ئامادەن ...!!
جگە لەو هەموو تیپە شانۆییانە کە ئەمڕۆ هەن...
زۆر بە داخەوە شانۆکارانی خۆشمان ئامادەنین خێزان‌و خوشکانی خۆیان بۆ تەماشای نمایشی شانۆکاران بەرن کە ئەوەش جێگای سەرنج‌و تێڕامانە لەلای خەڵکی .
٢-نەبوونی هۆڵێك لەم شارەدا کە مەرجی هۆڵی شانۆیی تێدا بێت، بە ڕاستی لەکاتی نمایشکردنی ئەو شانۆیەدا وەك ئەوەی چاو شارکێمان کردبێ هەرئەم ژوورو ئەو ژوورمان پێ دەکرابە پێوە تەماشای نمایشەکەمان دەکرد.نازانم بۆچی کەسێ ئاوڕ لە هونەری ئەم شارە ناداتەوە ...؟؟
ئەوە ئەزانین دەسەڵاتی مەرکەزی نوستووە... بەڵام دەزگاو ڕێکخراوەکانی ترهەر لەم شارەدا بە ئاگان، ئەو هەموو گۆڕەپانی یاری تۆپی پێ‌و هۆڵی ئاهەنگ‌و بۆنانە دروست دەکرێت، بۆ سوود وەرگرتن لە پارەکەی، ئەی بۆچی هۆڵی شانۆیەکیش دروست ناکرێت، بۆ هەر کەسێ یاخود لایەنێ دروستی بکات ئەوا دەتوانن سوودی پارەشی لێببینن.



نامەوێ ئەوەش بشارمەوە کە ئەم دوو خاڵە گرنگە کەمتەرخەمی هونەرمەندانیشی تێدایە، ئەگەرنا با هەموومان مان بگرین‌و هیچ کارێکی هونەری بە ئەنجام نەگەیەنین تاکو فشار بخەینە سەر دەسەڵات‌و خاڵی دووەممان بۆ چارسەر بکەن، بۆ خاڵی یەکەمیش هەمووان لە نێو خێزانەکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین بۆ بینینی نمایشەکان‌و دروستکردنی کارەکتەری کچ یاخود ژن بەو هیوای ئەم بابەتە هەستی کەسی بریندار نەکردبێ‌و هەمووان بە دڵێکی فراوانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان قبوڵی بکەین.

## کورتە چیرۆك

# خەتا



عومەر ئاوارە

ئەو زۆر سەگەکەی خۆشدەویست، سەگەکەشی بچکۆلانەو توکن بوو ، هەموو شەوێك لە گەڵیدا دەنووست و لە ئامێزی دەگرت، لە ژوورێکدا هەردووکیان دەژیان ، نەیدەویست ئەو سەگە لە پێش چاوی وون بێت ، بە زنجیرێك بە ستیە قەرەوێڵەکەیەوە ،دژایەتیەك کەوتە نێوانیان و بە درێژایی کات سڵیان لە یەکتر دەکردەوە تا گەیشتە هات و هاوار بە دەنگێکی بەرز ،لە پرێکدا بێدەنگی ژوورەکەیانی داپۆشی ، دراوسێکان لە سەریان کۆبوونەوە ، تەماشایان کرد لاشەیەکی مردووی ونجر ونجر لەسەر پارچە لبادێکی خوێناوی درێژ بووە سەگەکەیش لە تەنیشتی لە خەوێکی قووڵدا بوو...

### ٢-خەون

لە زینداندا ئەو هاوڕێم بوو ، هەموو بەیانیەك تەماشای وێنەی ژنێکی دەکرد و لە خۆیەوە دەیووت (ئاواتە خوازم) ، کاتێك لە بارەی ئەو وێنەیەوە دەمپرسی ، لە وەڵامدا دەیووت ئەو ئافرەتە دوێنێ شەو لە خەونمدا بوو بە هاوسەرم ، لە لووتکەی خۆشیدا بوو بە کەسێکی نەدەکرد کە لە زینداندا بێت ، لەو کاتەی کە لە زینداندا لەگەڵمدا بوو ئەو بە خەون بینین بە ئافرەتەوە مەست ببوو، کاتێك ئەو لە خەوێکی قووڵ دا بوو پاسەوانەکە بە شەقێك بە خەبەری هێنایەوە هاواری دەکرد : ژن ، ژن ، ژن....

### ٣-تاراوگە

لە ناکاودا بیرو هۆشی لە لا نەما ، تووشی جۆرێك لە دڵە ڕاوكێ هاتبوو ، بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت لە ناو بازاڕی شارەکەدا دەسووڕایەوە کە دەچووینە باخچەکان زۆرێك لەو خێزانانەی کە لەوێدا بوون بە تایبەت منداڵەکانیان سڵیان لێی دەکردەوە ، منیش لای خۆمەوە دڵێم ئەدایەوە ئامۆژگاریم دەکرد، لە پڕێکدا لێم وون بوو وەك شێتم لێهات ،هەرکەسێکم دەبینی تەماشای نێو چەوانیم دەکرد ، دەمگووت بەڵکو ئەمەیان خۆی بێت ، ئەو دەرنەدەچوو وا هەستم دەکرد ئەو خەڵکەش وەکو ئەو تووشی شۆك و دڵەڕاوکێ هاتوون ، ژنانی شارەکەیش گاڵتەیان بە من دەکرد کاتێك دەمیانبینی بە بێ هۆش لەسەر شۆستەی شەقامە سەرەکیەکەی سەرەتایی بازارەکە ڕاکشامە و چاوم بڕیوە لە ئاسمان لە خەمی ئەودا ئاگام لە خۆم نەمابوو کاتێك بە خەبەردا هاتمەوە تەماشا دەکەم وەکو ئەوم لێهاتووە.

# نهێنییەکانی پێشکەوتنی وڵاتی ژاپۆن



✍ فەرهاد هەمزە محەمەد

کەسێك نیە لەم سەر زەمینە بۆمبارانکردنی هەر دوو شاری هێرۆ شیماو ناگازاکی وڵاتی ژاپۆنی نەبیستبێ کە کۆتایی بە جەنگی جیهانی هێناو بەرەی هاوپەیمانان تیایدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، لەبەرامبەریشدا وڵاتی ژاپۆن بووە وێرانەو لەگەڵ زەویدا تەخت کرا، ئەو نهێنییانە چین وای لەم وڵاتە کرد لە ماوەیەکی کورتو خێرادا ئەو پێشکەوتنە بە خۆیەوە ببێنێو بچێتە ریزی وڵاتە هەرە پێشکەوتوەکانەوە.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە چاکتر وایە ژاپۆن بە پێی قۆناغە مێژووییەکان دابەش بکەین:-

١- ساڵانی ١٩٠٠ – ١٩٤٥ لەم قۆناغەدا خەڵکی ئەو وڵاتە زیاتر خەریکی کشتوکاڵو راوە ماسیو دارستان بوون، ئاستی بژێوی دانیشتوان نزم بوو، هەندێ کارگەی پیشەسازی سەرەتایی سەری هەڵدا بوو لەوانە (Panasonic)(1918) ((1920)hitach)((1937)، toyota) (canon(1937)) Toshiba).(١٩٣٩))

-2ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٧٣) ئەم قۆناغە لای ژاپۆنیەکان بە (موعجیزە) ناسراوە، تیایدا حکومەتی گەلی ژاپۆن بەیەکجارەکی چەکیان فرێداوە بۆ هەتا هەتا پشتیان تێکردو بە ئامرازێکی رووخێنەرو قێزەونیان زانی، لە بری چەك هیوایەکی بە هێز لە دڵیاندا رووا بۆ دووبارە بنیات نانەوەی ژاپۆنو دروست کردنی (ژاپۆنی نوێ)، هەروەها (پلانی دووقات کردنی داهات)یان پیادەکرد کە بەهۆیەوە شۆڕشی پیشەسازی هەموو بەشەکانی گرتەوە، پیشەسازییە سەرەتاییەکان گەشەیان کردو هەندێکی نوێی تریش سەریان هەڵداو وەك کۆمپانیای Honda)1918، ( (sony) (1946.

خەڵکی ژاپۆن بەوپەڕی لەخۆ بوردەییەوە قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە دێرینەکەیان، ئەو پەڕی دڵسۆزی وڵاتو خاکەکەیان بوون، بەبێ گوێ دانە ماندووبوون کاری قورسیان رادەپەراندنو چەندین سەعات سەرقاڵی کار دەبوون، وەلائی خەڵك تەنها بۆ وڵاتو کارەکەیان بوو، لە پێناو دروست کردنەوەی وڵاتدا خوێندکارەکانی ئامادەیش بەشداری ئەو پرۆسەیەیان کرد، کارکردن بەشێوەی تیم بوو، هەموو هەوڵێك بۆ بەرهەم هێنانی ئامرازی نوێ بە چاکترین جۆر بوو.

لەو نهێنیانەی وڵاتی ژاپۆنی گەیاندە ئەمڕۆکە دڵسۆزی، راستگۆیی، دەست پاکی، بەزەیی هاتنەوە، رێزگرتنو هاوڕێو ئەوانەی هاوشانی کار دەکەن، دانیشتوانەکەی مەسرەفی کەمیان دەکرد تا بتوانن پارەی پاشەکەوت بکەنو رەوانەی بانکەکانی بکەن لەوێشەوە وەکو کۆمپانیای پیشەسازی یەکانی پێ بەگڕ بخەن، بە خواردنی بەرهەمی وڵاتەکەی خۆیان رازی بون کە بریتی بوو لە برنجو ماسی تا لە دەروە شتو مەك نەهێنن لە خانووی بچووكو شاری قەرەباڵغدا دەژیان، نهێنییەکی تری زۆر گرنگی پێشکەوتنی ئەم وڵاتە لاوازی بیری ئاینییە لە ژاپۆن سێ ئاین هەیە شنتۆ بە پلەی یەکەم دێتو زۆربەی دانیشتوانی دەگرێتەوە، دووەم بوزی، سێهەمیش مەسیحی، هەرتاکێکی ئەو وڵاتە بەلایەوە ئاساییە کە لە دایك ئەبێت لە سەر ئاینی شنتۆ بێت، پاشان کە گەورە بوو لەسەر ئاینی مەسیحی ژن بهێنێت، دواتریش پێش مردنی بچێتە سەر ئاینی بوزی، ئەم فاکتەرە بووە هۆی نەبوونی دەمارگیریو ئاینی لەو وڵاتە یارمەتی تەباییو پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان خەڵکەکەی دا، بێگومان ئەم هەستە ئاینی یە زۆر بە زەحمەت لە رۆژئاوای مەسیحیو رۆژهەلاتی ئیسلامیدا قبوڵ دەکرێت.

فاکتەرێکی تری وڵاتی ژاپۆن یەك زمانی یە هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە زمانی ژاپۆنی قسە دەکەنو ئەمیشیان گرنگە کە دەمارگیری نەتەوەیی لێ ناکەوێتەوە.

باری تەندروستی لە کارە لەپێشینەکانی حکومەتە، چونکە قەناعەتیان وابوو ئایندەی وڵاتەکەیان متمانە دەکاتە سەر نەوەی گەنجانو خەڵکی لەش ساغ، هەر بۆیە ئەم سیاسەتە تەندروستەی حکومەت گرتیەبەر وای کرد درێژەی تەمەن گەورە زۆربێت چ ژن چ پیاو بە گوێرەی ئامارێکی ساڵی ٢٠٠٥ تەمەنی پیاو لە ژاپۆن دەگاتە ٧٩ ساڵ، ژنیش ٨٦ ساڵ، رێژەی مردنی منالیش زۆر کەمە.

ئەم فاکتەرە نهێنیانە بوون وای کرد ژاپۆن بتوانێت تەنها لە ماوەی ٢٨ ساڵدا ببێتە وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو بەرهەمەکانی خۆی بنێرێت بۆ هەموو وڵاتانی جیهان بە چاکترین جۆرو نرخێکی هەرزان.

٣-ساڵانی ١٩٧٤ – ٢٠٠٩

لەم قۆناغەدا ژاپۆن گەیشتە لوتکەو بوو بەیەکێك لە وڵاتە هەرە پێشکەوتوەکانی جیهان کە تەنها بە بوونی ووشەی Japan لەسەر هەر کەرەسەیەك ئەوا بەسە تا ئەو کەرەسەیە بقۆزرێتەوە.

ووتارەکەم بە بەسەرهاتێکی ناو عێراق دەهێنم تا بەراوردێکی نێوان ئێمەو ئەوان بکەین:-

لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٧٩و ١٩٨٠ عێراق پێشکەوتنێکی ئابووریو پیشەسازی چاکی بەخۆوە بینی بە جۆرێك سەرکردایەتی بەعسی تووشی غروور کردبوو، لەیەکێك لە رۆژەکانی ساڵی ١٩٧٩ رۆژنامەی (دێر شیگڵ)ی ئەڵمانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەدام حوسێن دا ئەنجام داو لە یەکێك لە پرسیارەکانی لێ ی پرسی: ئێوە ئێستا هەنگاوێکی چاك لە بواری پیشەسازیدا دەدەن ئایا ساڵی ٢٠٠٠ خۆتان لە کوێ دەبیننەوە ئەویش وتی: عێراق لە ساڵی ٢٠٠٠ زۆر لە ژاپۆن نزیك دەبێتەوە.

ئێستا ساڵی (٢٠٠٩)و دوای سی ساڵ لەو قسەیەی دیکتاتۆر نەك نزیك ژاپۆن نەکەوتووینەتەوە بەڵکو چووینەتە ریزی وڵاتانی ئەفریقاوە کە رۆژانە شەڕی ناوخۆی تێدا دەبینرێ، بێگومان ئەمەش دەگەڕێنرێتەوە نەك تەنها بۆ حکومەت بەڵکو بۆ خەڵکەکەشی.

---

## مایکی ئازاد

# باوك قڕانە لەدەڤەری هەولێر

✍ سەمەد مەلا محەمەد

لە هەفتەنامەی (ڕووداو) هەواڵێکم بەرچاوکەوت کەتیایدا هاتبوو لەماوەی (٢٠)ڕۆژدا لەدەڤەری هەولێر(٣)باوك بەدەستی کوڕەکانیان کوژراون، ئەمە هەواڵێکی جگەربڕو کارەساتبارە، چونکەلەوەتەی مرۆڤ پێی ناوەتە سەرزەوی بۆ ئاوەدانکردنەوەو خۆشگوزەرانی، هەرگیز ڕوویینەداوە لەدەڤەرێك لەماوەیەکی زۆرکورتدا(٣) باوك بەدەستی کوڕەکانیان بکوژرێن.هەقی وایەکاربەدەستانی حکومەتو پەرلەمانتارانو ڕۆژنامەنوسان، ئەم هەواڵە بەشیوەیەکی وا سوك وڕسوابکەن کەجاری تر کەس زاتی ئەوە نەکات کاری لەوشێوەیە ئەنجام بدات، سەیرە لەم وڵاتەی ئێمە ئەگەر وێنەی سەرکردەیەك لەسەر دیواربکرێتەوە لەلایەن نەیارانی یەوە یاخود هەرزەکارێك جنێوێ بەسەرکردەیەك بدات ئیتر ئەو کەسە ناوی دەچێتە لیستی ڕەشەوە بەتوندترین شێوە ئازار دەدرێ چەندین کەس لەسەر یەك وشە تیرۆرکران یان گۆر بزرکران.بەڵام باوك و دایك کەسەرچاوەی خۆشی وشادی خێزانن کەی ڕەوایە بەو شێوەیە قڕبکرێن.

من تێناگەم زانایانی ئاینی،وەزارەتی داد. بەرپرسان لەکوێن کە بەوشیوەیە شیرازەی خێزان ئەشیوێنرێ.خوای گەورە کەدروستکەری هەمو شتێکە ئەوەندە ڕیزی بۆ دایك و باوك داناوە کەلەقورئاندا دەڵیت ڕووگرژ مەکەن بەرووی دایکان و باوکاندا، تەنانەت ووشەی (ئۆف)بەرامبەریان بەکارمەهینن(ولا تقل لهما اف)کەچی کاکم نەك وشەی ئۆف وشەی گوللەو باروت ئەکات بەگەرووی باوکیدا...

کەی خیزانی کوردەواری بەو شیوەیە شیرازەی لێك بچڕاوە کەکاربگاتە ئەوەی کوڕ جگەرگۆشەی باوك بەگولله وەڵامی باوکی بداتەوە لەهەموشتێ سەیرتر ئەوەیە تائیستا دادگایەك،دادوەریکمان نەبینی فەرمانی لەسیدارەدان بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەربکات، نەك هەرئەوەش بەڵکو پاساویك ئەدۆزنەوە بۆ تاوانی کوڕەکە گوایە سەرخۆشە، سەرشیتە، عەقلی لەجێی خۆی نیە. بەڵام، ئایا سەرخۆشێك،سەرشێتێك ،گێلێك،زاتی ئەوە دەکات یەك وشە بە سەرکردەیەك بڵێت ئایا هەزارو یەك تاوانی بۆهەڵنابەستن، هەرکاتیك ڕێزو خۆشەویستی خێزان تێکچو شیرازەی کۆمەلگەش تیکدەچێ، بۆیە کاتی ئەوە هاتوە بەهەر نرخێك بێ ئەوجۆرە کارە قێزەونانە بنبڕ بکرێن لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هەموومان ئەوەمان لەبیرە کەرۆژێکیان لەسەردەمی رژێمدا پیاوێکی خەڵکی رومادی هاتە لای سەدام و بەسەرهاتی خۆیو کوڕەکەی بەم شێوەیە بۆسەدام گێڕایەوە.

وتی: گەورەم کوڕەکەم لەسەربازی رای کردبو منیش یەکسەر (٣٠) گوللەم نابە تەوقی سەریەوە، سەدام لەجیاتی ئەوەی سەرزەنشتی بکات، وتی (عەفیە)، بۆیە بینیمان شیرازەی کۆمەڵگەی عێراق بەچی گەیشت.

وایلێهات کوڕ سیخور بوو بەسەر باوکیەوە، باوك بەسەر کوڕەوە، برا لەسەر برا راپۆرتی دەنوسی.

هەرلەو سەردەمەدا سەدام رۆژێك چووە ماڵێکی عێراقییەوە منالەکەی لەباوەش گرت و ماچی کرد و وتی من دەناسی منالەکە وتی بەڵێ دەتناسم هەرچەند تۆ لەتی ڤی دەردەکەویت باوکم تفێکت لێ دەکاو (تی ڤی)یەکە دەکوژێنێتەوە، ئەوەبو یەکسەر باوکی نەگبەت قۆڵبەست کراو تائیستاش کەس نازانێ چی بەسەرهات.

بۆیە ئەرکی حکومەت و پەرلەمانە ئەرکی رۆژنامەنوسان و دادوەران و پارێزەران و هەموچین توێژەکانی کۆمەڵە نەهێڵین کاربکاتە ئەو ئاستەی شیرازەی خێزانی کوردەواری تێك بچێ من ناڵێم هەموو باوکان و دایکان فریشتەن و پەپولەن و بێ گوناهن بەڵام خۆناکرێ کوڕ باوکی خەڵتان خوێن بکات لەسەر ئەوەی ژنی بۆبهێنن یاخود هەرکارێکی تر.

---

# با پیاوان کێشەی ژنان بە هی خۆیان بزانن



✍ شنۆ میهر پەروەر

لە راپۆرتی یەکەمی راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتووە: "هەموو مرۆڤەکان بە پێگە و مافی یەکسان لە دایك دەبن، هەموو خاوەن عەقڵ و ویژدانن و هەموو دەبێت لە بەرانبەر یەکتردا وەك یەك بن." ئەمە یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ کە پێویستە هەموو وڵاتێکی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرچاوی بگرێت و پێڕەویی لێ بکات، بەڵام بە کردەوە دەبینین ئەوەی لە بەرچاو ناگیرێت، یەکسانبوونی مرۆڤەکان و دەستەبەربوونی مافەکانیانە و رۆژانە لەم جیهانە پان و بەرینەدا، شاهیدی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی پێشێلکردنی مافی نیوەی کۆمەڵ، واتە ژنان لە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکانداین. لە یەکێك لە سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا راپۆرتێکم خوێندەوە کە سەرەرای دڵتەزێنبوونی ناوەرۆکی راپۆرتەکە، کە ئاماژەی بە راپۆرتی رێکخراوی جیهانیی تەندروستیی دەکرد سەبارەت بەوەی کە لە هەر خولەکێکدا ژنێك بە هۆی ئاسەوارەکانی حاڵەتی دووگیانی یان منداڵبوون گیانی لە دەست دەدات. ٩٠٪ی ئەم جۆرە مردنانە، لە وڵاتانی روو لە گەشە روو دەدەن و هەروەها ئەو ئامارەیش خرابووە روو کە رێژەی مردنی ژنان لەم حاڵەتەدا، زیاترە لە رێژەی ئەو ژنانەی لە شەڕەکاندا دەکوژرێن. خاڵێك کە سەرنجی راکێشام، ئەوە بوو کە هەر لەم راپۆرتەدا، (د. ئیوەز بێرگوین) بەرێوەبەری سندووقی تەندروستیی ژنانی دووگیان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گوتوویەتی: "ئەگەر پرسی منداڵبوون و ئاسەوارەکانی، کێشە و گرفتێکی پیاوانە بووایە، لەو حاڵەتەدا ئێمە لە هەموو وڵاتاندا دەبووینە خاوەن وەزارەتخانەی "مردن بە هۆی منداڵبوونەوە،" کە زۆر بە جیددی ئەم کێشەیەی تاوتووێ دەکرد و رێگەچارەیشی دەستنیشان دەکرد، هەر بۆیە منیش بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونی بەرێوەبەری سندووقی تەندروستیی ژنانی دووگیان هاوڕام و بە راستی ئەگەر ئەو کێشانەی کە رووبەرووی ژنان دەبنەوە و ژنان تێیدا دەبنە قوربانی، رووی لە پیاوان بووایە، بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگەی پیاوسالاری و دەسەڵاتی رەهای پیاوان لە کۆمەڵگە و دارشتنی یاسا و رێوشوێنەکان لە هەموو روویەك لە لایەن پیاوانەوە، پێشیان بەم کەموکورییانە دەگرت و سنوورێکیان بۆ دادەنا. کە وابوو، ئەگەر لە هەموو بارێکەوە پیاوان کێشەکانی ژنان بە کێشە و گرفتی خۆیان بزانن و شانبەشانی ژنان هەنگاوی جیددی بۆ چارەکردنیان هەڵبگرن، ئەو کاتەیە کە ئێمە چیدیکە شاهیدی هەواڵی دڵتەزێنی وەك ئەوەی کە لە هەر خولەکێکدا ژنێك بە هۆی ئاسەواری دووگیانی لە جیهاندا مەزڵوومانە گیان لە دەست دەدات و هەروەها جیاوازی و هەڵاواردن نابین. بێگومان لەم حاڵەتەدایە کە ماددەی یەکی راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤیش دەستەبەر دەکرێت. بە هیوای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دوور لە چەوسانەوە و هەڵاواردن.



---

# دایکی کەرکوك.. ناوی کوردستانە

✍ محمد فخرالدين گلی ــ نەرویج

سەرەتا حەز دەکەم بۆ خوێنەری بەرێز ئەوە روون بکەمەوە کە من نووسەرو رۆژنامەنووس نیم، بەڵکو تەنها خۆشەویستییم بۆ کەرکوك وای لێ کردووم کە دەستم پێنوس بگرێ و لانی کەم بتوانم خزمەتێکی بچوك لە رێگای پێنوسەوە بە شارەکەم بگەیەنم کە ئەویش کەرکوکە .. هیوادارم خوێنەریش لە کەم و کورتێکانم ببورێت ...

هەموومان دەزانین کەرکوك یەکێکە لەو شارانەی کە لە سەرجەم قۆنەغەکانی رابردوودا بووەتە چەقی ململانێی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو داگیرکەران، دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستان بەمەستی سرینەوەی سیمای راستەقینەی شارەکە، لەهەمانکاتدا ئەو سیما راستەقینەیە بووەتە قەلغانێك بەرامبەر بە دووژمنان و شۆفێنیستان و هەمیشە لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان لە ریزی پێشەوەی کاروانی خەباتدا بووە ...هتد.

ئەوەتا لە دوای رووخانی رژێمی فاشیستی بەغدا کەرکوك دیسان بە دەستی تیرۆریستان و شۆفینیستان خەڵتانی خوێن دەکرێ،لە بەغداش دەیانەوێت کەرکوك بێ نازو بێ لانە و لەدایکی خۆی (کوردستان) بکەن، بەڵام دیسان و دیسان خەڵکی شاری کەرکوك قەڵغانی لەخۆی بەستو رووی لە بەغدا کرد و بە شۆفینیستان و بەعسیەکانی وت: ئەوە منم هاتووم قەڵغانم بەستۆتەوە، ئەو قەڵغانەی کە چۆن چۆکی بە (شۆفێنستانو بەعسیان، تیرۆریستان) دادا ، ئاوهاش قەڵغانم بەستۆتەوە لە پێناو (ئاشتی، ئازادی، مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان ...هتد)، دیسان کەرکوك قەڵغانەکەی کەس ناتوانێ بیشکێنی و لەکەداری بکا، قەڵغانی ئێمە بووەتە سمبول بۆ خەبات و زانست، بۆ مەعریفە و تێکۆشان، بۆ خۆشەویستی و پێکەوە ژیان، بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەکان، بۆ نەغمەی هونەرمەندان، ...بۆیە دەبێ ئێمە ئەو قەڵغانە هەر بەدەستوە بگرین تاکو کەرکوك بە باوشی پڕ سۆزی دایکی ئاسودە دەبێ.

دەبا ئەمرۆ .. کە ساتە وەختی نزیك بوونەوەی کەرکوکە لە ئامێزی گەرمو پڕسۆزی دایکی .. نەنووین .. دە با لە خەمی خەوی کەرکوکدا بین، دەبا هەمووومان کەرکوك لە ئامێزمان بگرێتو کەرکوك لە ئامێز بگرین..

کەرکوکی نوێ

ژمارە (٧٣) هەینی ١/ ١/ ٢٠١٠

kerkukynwe@yahoo.com

نیومانگییەکی سیاسی گشتییە ، مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی.ن.ک) دەریدەکات




# هونەرمەند حەمید حاسڵی:

## پێمانخۆشە ئەگەر بانهێشت بکرێین لەکەرکوکدا کۆنسێرت سازبکەین

ئا/ هێدی گەلاڵی

حەمید حاسڵی لە دایکبووی ١٩٨٥ شاری سنەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، دەرچووی بەشی مۆسیقای زانستگای تەهرانە، ئەندامی گرووپی عەندەلیبی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ئامێری عود دەژەنێ، لە دیدارێکی کورتدا لەگەڵ (کەرکوکی نوێ)دا لە سلێمانی ڕووبەڕوو لەگەڵیدا هاتینە دووانەو وتی:"پێمان باشە وەکو گرووپی هونەری عەندەلیب لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئاهەنگ بگێڕین، بە تایبەتی لە کوردستانی ئازاددا زۆر بە تایبەتیش پێمان خۆشە ئەگەر لە کەرکوک بانهێشت بکرێین کۆنسێرتێك ساز بکەین، !!

وتیشی: گرووپی عەندەلیب پێکهاتووە لە پێنج کەس (عادل نادری- گۆرانیبێژفەرزاد عەندەلیبی - دەف و دەهۆڵ، مەهدی تاڵەبانی - زەرب، حبیب ئەللا محمودی - جۆزە، حەمید حاسلی، عود).

ئاماژەی بەوەشکرد:" ئامانجی گرووپەکەمان ئەوەیە کە بە هەموو شێوە زاری کوردی گۆرانی بڵێین و مۆسیقا بژەنین و بەدەر لە مەزهەب و ئایدۆلۆژیاو ... بەڕێوەببەین، لەهەر بەشداربون و کۆنسێرتێکدا بە چوار زاراوەی کوردی وەك (کرمانجی باشور -هەورامی - کرمانجی باکور، لوڕی). گۆرانی و مۆسیقامان ئامادەکردووەو بەشداربوینە.

ئەو مۆسیقاژەنە باسی لەوەش کرد کە بە گشتی لە وڵاتی ئێران بە تایبەتیش لە کوردستانەکەی زیاتر گوێ لە گۆرانی ڕەسەن دەگیرێت، بە پێچەوانەی عێراق و کوردستانی ئازادەوە کە ئەو ئارەزووە تارادەیەك کاڵبۆتەوە، ئەویش ڕەنگە هۆکارەکانی ئەوە بێت کە لە کوردستانی عێراقدا بە هۆی بوونی دەیان کەناڵی کوردی دەنگ و ڕەنگ ئاوازی بیانی وەك تورکی - فارسی - عەرەبی - کاریلێکردون.

حاسڵی ئەوەشی ڕاگەیاند: ڕاستە ئێمە سەرجەم گرووپەکە خەڵکی سنەین، بەڵام هاوکات کوردستانین. لە بارەی ناوی گرووپەکەشیان وتی: عەندەلیبیەکان خانەوادەیەکی گەورەو هونەرین لە ئێران کە زۆر هونەردۆستن، ڕەنگە ناوی گرووپەکەشمان لە ئایندەدا بگۆڕێن.

# جەلیل زەنگەنە: ئەگەر حەزی خۆدەرخستنم هەبوایە ئەوا ڕۆڵم لە دراماکاندا دەبینی

دیدار/ نوێنەر فاتیح

لە میانی خۆئامادەکردنەکانی دەرهێنەر جەلیل زەنگنە بۆ دەرهێنان و وێنەگرتنی بەشی سێیەمی زنجیرە درمای (گەردەلول) لەهۆڵی (کازێوە)ی شاری کەرکوک، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەردۆستان و ڕۆشنبیران، کۆبونەوەیەکی فراوانی بۆ ئەو ژن و پیاوانەی کە ئارەزووی بەشداریکردنیان لە درامەکەدا هەیە سازکرد.

دەرهێنەر زەنگنە وێڕای خۆشحاڵیی دەربڕینی خۆی بۆ بەدەنگەوەهاتن و ئامادەبوونی بەشداربووان بەتایبەتی منالان، ڕایگیاند:" کە زۆربەی ڕووداوەکان و دیمەنەکان لەشاری کەرکوکدا ڕوودەدەن و وێنەدەگیرێن و لە ٧٥٪ ئەکتەرەکانیش ڕووخساری نوێن"

وتیشی:"بەشدارپێکردنی خەڵکی کەرکوکیش لەم زنجیرەیەی درامەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە دەمەوێ خەڵکی کەرکوك خۆیان بەشداری ڕووداوەکانی رابردوو بن".

(کەرکوکی نوێ) دەرفەتی گفتوگۆیەکی بەپەلەی لەگەڵ هونەرمەند جەلیل زەنگنە بۆ ڕەخساو پرسیاری لێکرد کە(لەگەڵ دەرهێنەری کۆچکردوو حسێن میسری جۆرێك لە ململانێ لە نێوانتاندا هەست پێدەکرا، ئایا هۆکارەکەی فیکری یان سیاسی یان هونەری بوو یان کەسایەتی؟ )

لەوەڵامدا وتی:" بێگومان ململانێی کەسایەتی لە نێوانماندا نەبوو، ململانێکە لە ڕوئیای جەمالی فیلمسازییەوە بووە یان دراما بووە، ئەو شتێکی منی بەدڵ نەبووە یان من شتێکی ئەوم بەدڵ نەبووە، دیدوبۆچوونی جیاوازیش سەبارەت بە هەر مەسەلەیەك سرووشتییەو هەموو کەس ئازادە لە دیدو بۆچوونی بەرامبەر هەر کەسێکی تر."

سەبارەت بە ناوەڕۆکی مێژوویانەی دراماکانیشی ڕوونیکردەوە کە:"

هەموو بەرهەمێك ئەگەر بچێتە بواری خەیاڵ و فەنتازیاوە ئەوە لە لۆژیك و واقیع دەردەچێت و دەچێتە عەقڵی نادیار (باطن)ییەوە، جا گەر بەرهەمەکە مێژویی بێت یان دیکۆمێنتی.. گرنگ ئەوەیە من سوودیان لێ دەبینم نەك وەك خۆی پێشکەشیان بکەم، ئێمە دەرهاویشتەی مێژویی خۆمانین لەو مێژووە پێك هاتووین، بەڵام ئایا چۆن ئەو مێژووە دووبارە پێشکەش دەکرێ؟ ئایا وەکو خۆی یان جوانییەکانی وەرئەگرین و تەوزیفی هونەری دەکەین؟"

سەبارەت بەو بۆچوونەش کە دەڵێ: جەلیل زەنگنە زیاتر حەزی بە خۆدەرخستنە، ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوەو ئاماژەی بەوەدا کە:" هەموو مرۆڤێك حەزی بەجۆرێك لەناوبانگ دەرکردن و شوهرەت هەیە، من ئەگەر حەزی خۆدەرخستنم(حب الظهور) هەبوایە ئەوا ڕۆڵم لە دراماکاندا دەبینی.. دەرهێنەری میسری (یوسف شاهین) لەگەڵ ئەوەی خۆی دەرهێنەرە کەچی هەندێجاریش وەکو ئەکتەر دەرئەکەوێت،"

وتیشی:"من کە ئەو وێنانەم گرتووە کامیرامانەکە دەریخستووم، ئەڵێن تۆ هیلاك بوویتەو ماڤی خۆتە کە دەرکەویت،".



## بڵاوکراوەی نوێ










ئاڵقەرێز

لەتیف فاتح فەرەج

## خەمی کەرکوکیان و زانکۆ

نازانم داخۆ جاری دیکە بەو نێونیشانە ئەم گۆشەیەم نوسیوە یان نا، بەڵام دیسان هەمان ئەو خەمە دەخەمەوە توێی ڕۆژنامە، بەئاواتی ئەوەی تۆزێك بەخۆدا بچینەوە، من تێناگەم بارەگا سیاسییەکان کە ئەرکیان زیاتر ڕێکخستن و کۆکردنەوەی خەڵکە لەخۆیان، چیان داوە لەوەی خەڵك بەو شێوەیە هان بدەن کە تەنانەت لەنێو زانکۆشدا هەوڵی نانەوەی ئاژاوە بدەن، ئەوان کێن ئەو گەنجانە بەو شێوەیە پەروەردە دەکەن کە ئیدی جگە لە خۆی و نەتەوە یان گروپەکەی خۆی زیاتر کەسی تر نەبینێ، بەگژ یەکدا کردن و لەیەکتر توند کردن و هاندانی توندوتیژیی دژی مامۆستایانی زانکۆ، بەرهەمی چ تێگەیشتنێکی دواکەوتوانەیە، خۆنیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ لە دژی مامۆستایەك کە تەنها ویستویەتی کەس کەس بە سوکایەتی کردن بریندار نەکات، جۆرێکە لە کارکردن بۆ ئەوەی شەڕی نێو بارەگاکان بەرێتە نێو زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن و گەڕەکەکانەوە، بەو هیوایەی ئەم خەمە هەمیشە بە پوچەڵی بمێنێتەوەو بەدی نەیەت، خۆنیشاندان و داواکردنی ماف بەشێوەیەکی ڕەوا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دنیای دیموکراسی، بەڵام چ ڕەواییەك لەوەدا هەیە، من گەنجانی شارەکەی خۆم، کوڕو کچانی زانکۆی شارەکەی خۆم، بکەم بەگژ یەکتردا، بەڕاستی بۆ ئەمە ئەرکی هەموو لایەکە بەتایبەت سەرۆکایەتی زانکۆ و حکومەتی کەرکوك، لێپێچینەوە لەو بابەتە بکەن، پێویستە هاندەرانی تونوتیژی لەهەر کوێ و لەهەر پلەو پۆستێکدا بن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کەرکوکییەکان گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی هیچ دەستەو گروپ و حیزبێك نین، کەرکوکییەکان لەهەر کەسێکی دیکەی ئەم دنیایەدا زیاتر پێویستیان بە پێکەوەژیان و یەوکتر قەبوڵکردنە، ناکرێ ئایدۆلۆژیای توند زاڵ بکەین بەسەر ئایدۆلۆژیای کەرکوکیاندا، ئایدۆلۆژیای کەرکوکیانە ئەوەیە کە ئێمە بەهەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینییەکانمانەوە کەرکوکین، دیارە ئەمە جگە لە قۆناغی تەعریب کردنی بەردەوام کە بەشێوەیەکی چڕو پڕ تا ساڵی ٢٠٠٣ قۆناغ بە قۆناغ درێژەی کێشاوە، بۆخۆم لەو بارەیەوە چەندین بابەتم نوسیوە، لەم ڕۆژانەدا لەکۆڕێکدا بەوردی قسەم لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە لە دنیای دوای دیکتاتۆریەت و سیستمی تۆتالیتاریدا چی بکەین، پێموایە لەم کورتە نوسینەدا هەموو ئەو دیدانە چڕ ناکرێنەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین دنیای پێش ١٠ /٤/ ٢٠٠٣ جیاوازە لە دنیای دوای ئەو مێژوە، هەم بۆ کەرکوك هەم بۆ هەموو عێراق، بۆیە لەبری پەرەپێدانی توندوتیژی پێویستە کەرکوکییەکان لە هەوڵی سرینەوەی سیاسەتی تەعریب و هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیاسەتە شەڕەنگێزانیەدا بن لە ڕابردوودا بەڕێوە چووە، ئەمەش بە دانانی دادگای قۆناغی گواستنەوەو سارێژکردنەوەی برین و لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان و قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و دیموکراسیەت و پێکەوە ژیانی مەدەنیانە، گواستنەوەی ململانێ لەنێو بارەگا سیاسیەکانەوە بۆ نێو زانکۆ و پەیمانگاکان، جگە لە کارەسات دروست کردن هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت، بۆیە پێویستە بەهەمووان بەگژ ئەم هەوڵانەدا بچینەوە.


خاوەنی ئیمتیاز
مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی.ن.ک)

سەرنووسەر
یاسین عزالدین محمود

جێگری سەرنووسەر
ئومێد مەحمود
omeedmahmood@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
فەرهاد هەمزە محەمەد
fhm_k2003@yahoo.com

نەخشەساز
محەمەد عەبدولوەهاب
m_kirkuk_2002@yahoo.com

ناونیشان/ کوردستان/ کەرکوك
بارەگای مەڵبەند
بەشی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری
ژمارەی متمانە/ (١٢٦) ٢٠/ ٤/ ٢٠٠٩
لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
چاپ: چاپخانەی نەورۆز

EMAIL: kerkukynwe@yahoo.com YAN info@kirkukcenter.com / TEL: 210985



جگە لە سەروتار هەموو ئەو نووسینانەی بڵاودەبنەوە بیروڕای خاوەنەکانیانە و کەرکوکی نوێ لێیان بەرپرسیار نیە